# کاریگەریی بیری سیاسی خەواریج و شیعە لەسەر کورد
# سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامی ٢-٥ ک / ٨-١١ ز

**د. صلاح كانبي إسماعيل*** **ياسين طه محمد****

وشە کلیلییەکان: خەواریج، شیعە، بیری سیاسی، خیلافەت، ئیمامەت، ئیسلام.
https://doi.org/10.31271/jopss.10068

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەڵوێستەکردنە لەسەر بیری سیاسی دوو لە سەرەکیترین گروپە عەقیدەیەکانی مێژووی ئیسلام و دێرینترینیان لە ڕووی کاتی سەرهەڵدانەوە کە خەواریج و شیعەن، پاشان دەرخستنی هۆکار و چۆنییەتی گەیشتنی هەردوو گرووپەکە بە هەندێك لە ناوچە کوردنشینەکان و پەیوەندی خەڵکی ئەم ناوچانەش لە گەڵیاندا. لە توێژینەوەکەدا بە پشت بەستن بە میتۆدی ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و شارستانی هەوڵ دراوە وەڵامی پرسیاری ئەوە بدرێتەوە کە سەرەتای ئاشنابوونی کورد بە بیرۆکەکانی خەواریج و شیعە چۆن و کەی و لەبەرچی بووە بووە، لەگەڵ پاڵنەرەکانی بەشدارییەکانی ناوچە کوردییەکان لە چالاکییەکانیان و کارلێککردنیان لەگەڵ تێزە عەقیدەییەکانی هەردوو گرووپەکە، بەتایبەت لە بابەتەکانی ئیمامەت و خیلافەت، کە دەچنە ناو خانەی بیری سیاسی ئەم دوو گرووپە ئیسلامییەوە بە درێژایی سەدەکانی 2_5ك/ 8_11 ز، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عەباسی و گەشەکردنی کۆمەڵگا کوردییەکان و کارلێککردنیان لەگەڵ تەوژمە باوەکانی ناوەندی خیلافەت.

**ملخص**

**أثر الفكر السياسي للخوارج والشيعة على الكورد: القرون الوسطى الإسلامية ٢-٥ هـ / ٨-١١ م**

الغرض من هذا البحث هو الوقوف على الفكر السياسي لفرقتين عقيديتين رئيسيتين في التاريخ الإسلامي وهما؛ الخوارج والشيعة التي تشتركان في قرب توقيت الظهور. ويحاول البحث على ضوء منهج البحث التاريخي والحضاري تقصي أسباب وكيفية وتاريخ وصول الفرقتين إلى المناطق الكردية، وعلاقة أهالي هذه المناطق بهما ويشكل الكشف عن هذه الأسئلة المحاور الرئيسية للبحث، خاصة في القضايا المتعلقة بالإمامة والخلافة المندرجتين ضمن مباحث الفكر السياسي للفرقتين. و تعرض الدراسة

* پرۆفیسۆر لە زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان – بەشی مێژوو
salah.ismail@univsul.edu.iq

** خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان – بەشی مێژوو
yaseen.ahmed@univsul.edu.iq

بدايات التعارف الكردي مع الأفكار الخارجية والشيعية ودوافع مشاركة المناطق الكردية في الأنشطة والأطروحات العقائدية لكلتا الفرقتين مابين القرنين ٢_٥ الهجريين/ ٨_١١ الميلاديين. و تتزامن هذه الفترة مع سيطرة الخلافة العباسية على مقاليد الأمور وتطور المجتمعات الكُردية فكرياً وتأثرها بتيارات المنبثق عن مركز الحكم.

**Abstract:**

**The Impact of the Political Thought of the Kharijites and Shia on the Kurds: The Islamic Middle Ages 2-5 AH / 8-11 AD**

The purpose of this research is to identify the political thought of two main ideological groups in Islamic history, namely; Kharijites and Shiites that share the near timing of the emergence. The research attempts, in the light of the historical and cultural research method, to investigate the reasons, how and the date of the arrival of the two sects to the Kurdish areas, and the relationship of the people of these areas with them. The disclosure of these questions constitutes the main axes of the research, especially in issues related to the imamate and the caliphate that are included in the investigations of the political thought of the two sects. The study presents the beginnings of Kurdish acquaintance with foreign and Shiite ideas and the motives for the participation of the Kurdish regions in the activities and ideological theses of both groups between the 2st-5th centuries AH / 8th-11th centuries AD. This period coincides with the Abbasid Caliphate's control of the reins of affairs and the intellectual development of Kurdish societies and their influence on the currents emanating from the center of government.

## پێشەکی

خەواریج و شیعە دووان لە سەرەکیترین و دێرینترین گرۆ دژبەرەکانی حوکمڕانییە ئیسلامییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستن بوون، مێژووی هەردوو گرووپەکەش، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلیفەی چوارەمی ئیسلام عەلی کوڕی ئەبوتالیب (م.٤٠ك/٦٦١ز)، ئەمەش دەیانکاتە یەکەمینەکان لە ڕووی زەمەنی دەرکەوتنەوە، خەواریج دژی عەلی بوون، شیعەکانیش شوێنکەوتە و هەوادار، بەڵام گەشەکردن و قۆناغەکانی دواتریان تێکەڵ بە هەندێك ڕووداو بووە بەتایبەت لە جوگرافیای کوردیدا کە جێگەی بایەخ و گرنگیدانی ئەم باسەیە.

کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە دەرخستنی ژینگەی ناوچە کوردییەکانە لە دەمی دەرخستنی ئەم دوو گرووپە بەراییە ئیسلامییە، لەگەڵ هەڵوێستەکردن لەسەر هۆکاری کاریگەربوونی ناوچە کوردییەکان بە بیروباوەڕ و بانگەشەکانیان، هەر لەسەردەمی عەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە تا دەگاتە سەرهەڵدانی دەوڵەتەکانی ئومەوی و عەباسی.

لە توێژینەوەکەدا میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژویی بەکار هاتووە لە گێڕانەوە و ڕیزکردنی ڕووداوەکان، لەگەڵ پشت بەستن بە شیکار و بەراوردکاری بۆ خوێندنەوەی پاشخان و هاندەرە فیکری و سیاسییەکانی ڕووداوەکان.

سنوری توێژینەوەکە ناوچە کوردنشینە سەرەکییەکانە لە نێوان سەدەکانی (٢_٥ك/ ٨_١١ز)، لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامی کە هاوکاتە لەگەڵ حوکمڕانی ئومەوییەکان و بەشێك لە عەباسییەکان، لەگەڵ گەڕانەوە بۆ پاشخانی ڕووداوەکانی ئەم قۆناغە لەکاتی پێویستدا.

توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت کە خەواریج و شیعەن؛ لە بەشی یەکەمدا لەسەر بیری ساسی خەواریج و گرنگترین بیروباوەڕەکانیان و گەیشتنیان بەناوچ کوردییەکان و هۆکاری تەشەنەکردنیان هەڵوێستە کراوە. بۆ شیعەکانیش جگە لەپێناسە و باوەڕە سیاسی و عەقیدەییەکانیان بەریەککەوتن و پێکەوە گونجانیان لەگەڵ کورد لەهەمان کاتدا و کاریگەریی باوەڕەکانیان لە ناوچە کوردییەکان ورد کراوەتەوە.

## بەشی یەکەم: بزووتنەوەکانی خەواریج

یەکەم گرووپی بەرهەڵستکارن لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبو تالیب[١]، دەرکەوتنیشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی خەلیفەی چوارەمی ڕاشیدین ڕازی بوو لە جەنگی "صفين[٢]" دا (٣٧ك/٦٥٧ز) لە گەڵ معاويەی کوڕی ئەبو سوفیانی والی شام (م.٦٠ك/٦٨٠ز)، قورئان بکرێتە ناوبژیوان کە بە "التحكيم" بەناوبانگە[٣]. خەواریجەکان پاش دەرکەوتن لە گوندی "حروراء"ی سەر بە شاری کوفە کۆبوونەوە، بەم هۆیەشەوە سەرەتا هەر بە "حروري" ناسران[٤]، بەڵام دواتر ناوی "الخوارج" یان بەسەردا دابڕا، لە کاتێکدا ئەوان لە ئەدەبیاتی خۆیاندا خۆیان بە "الشراة" ناوزەد کردووە[٥]، ئەمەش هێمای خۆ فرۆشتنە بە خودا کە لە قورئاندا ئاماژەی پێ کراوە[٦]، هەروەها بە "المارقة" و "المحكمة" ش ناوبراون[٧] لە پاش دابەش بوونیشیان بەسەر چەند گرووپێکدا ناونیشانی لاوەکی تری ناوچە و سەرکردەکانیان بەسەردا بڕاوە.

لە سەردەمی ئومەوی (٤١_١٣٢ك/٦٦٢_٧٥٠ز) و عەباسیدا (١٣٢_٦٥٦ك/٧٥٠_١٢٥٨ز)، خەواریج بوو بە ناونیشانێکی بەرین بۆ سەرجەم ئەو گرووپانەی دژی دەسەڵاتداران ڕادەپەڕین و یاخی دەبوون، بەبێ ئەوەی مەرج بێت ئەم بزووتنەوانە لە بیرکردنەوەدا هاوشێوە و هاو بۆچوون بن[٨]، بەڵام بەگوێرەی پێدراوە مێژوییەکان ناوی خەواریج کە گشتی و کۆکەرەوەیانە بە زەقی لە نێوان ساڵانی (٦٤_٧٢ك/٦٨٤_٧٩٢ز) بڵاوبووەتەوە و ناسراوە[٩].

کارنامەی گرووپەکانی خەواریج ئەوە دەردەخات، لێکچوونی گەورەیان زیاتر لە شێوازی خۆ ڕێکخستن و میکانیزمی کاردایە تا ئەوەی پەیوەندییەکی عەقیدەیی گشتگیر و ئۆرگانییان هەبێت، سیمای سەرەکی یەکەمینەکانیشیان خۆ بە هەق زانین و بە چەوت زانینی بەرانبەر بووە بە

---

[١] الشهرستاني، الملل والنحل، ج١، ص ١١٤؛ ابن تيمية، مجموع الفتاوى، تحقيق، عبد الرحمن بن محمد بن قاسم (المدينة: مجمع الملك فهد، ١٩٩٥)، ج٣، ص ٢٧٩.

[٢] صفين: جەنگێکە لە نێوان بەرەی عەلی کوڕی ئەبو تالیب وبەرەی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان ڕوویدا، هۆکارەکەشی ناکۆکی هەردوولان بوو لەبارەی چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بکوژانی خەلیفە عوسمان. معاويە بەیعەتی نەدا بە عەلی بە پاساوی لە پێشینەیی تۆڵەکردنەوە، ئەویش داوای کرد مۆڵەتی بدەن، سەرەنجام جەنگ لە نێوانیان داگیرسا لە مەحەڕەمی ٣٧ك/ ٦٥٧ز و کوشتارێکی گەورەی لێ کەوتەوە. الطبري، تاريخ الرسل والملوك، (بيروت: دار التراث، ١٣٨٧هـ)، ج٥، ص ص _١٥٥؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ج٨، ص ٤٤ _٥٤.

[٣] الشهرستاني، الملل والنحل، ج١، ص ١١٥؛ أحمد أمين، فجر الإسلام (القاهرة: مكتبة الأسرة، ١٩٩٧)، ص ٢٥٧.

[٤] ابن حنبل، **مسند الإمام أحمد**، تحقيق، شعيب الأرنؤوط، (بيروت: مؤسسة الرسالة، ٢٠٠١)،ج٤٠، ص ٣٩.

[٥] احسان عباس، **شعر الخوارج** (بيروت: دار الثقافة، ط٤، ١٩٧٣)، ص ٣١.

[٦] البقرة: الآية ٢٠٧.

[٧] الأشعري، مقالات، ج١، ص ١١١؛ الطبري، تاريخ، ج٦، ص ٣٠١.

[٨] الشهرستاني، الملل والنحل، ج١، ص ١١٤. أحمد أمين، فجر الإسلام" ص ٢٥٧.

[٩] ناصر سليمان سعيد السابعي، الخوارج، الحقيقة الغائبة، (عمان: جامعة آل البيت، ١٩٩٩)، ص ٣٩٧؛ عطا عبدالرحمن، **حركات الخوارج في بلاد الكرد وما جاورها**، (السليمانية، مركز كوردولوجي، د.ت)، ص ١٤٠.

شێوەیەکی ڕەها، بەجۆرێك خۆیان بە "الأخیار" ناوبردووە و بەرانبەرەکەیان بە "الأشرار"[١]، هەر بەم هۆیەشەوە زانای حەنەفی "ابن السمناني" (م.٤٩٩ك/١١٠٥ز)، پێناسەی خەواریجی بەوە کردووە کە هەر گرووپێکی ئیسلامییە لەسەر بۆچوونی خۆی سووربێت تا ڕادەی ڕاگەیاندنی شەڕ، هێز و توانای هەبێت و مەترسی دروست بکات[٢].

هەندێك لە شەرعزانەکان باس لەوە دەکەن هەرکەس هاوڕای خەواریجە یەکەمەکان بێت لەهەر قۆناغێکی مێژوویيدا، هەر درێژکراوەی ئەوانە[٣]، هەندێکی تر بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کۆڕای زانایانی موسوڵمان لەسەر ئەوەبوو کە دەرچوون لە فرمانڕەوای ستەمکار دروست نییە، ئەگەر هیچ لە بنەمانی ئیسلام نەگۆڕن و نەچنە خانەی کوفرەوە[٤]، بەم پێیەش تەوەری سەرەکی پێناسەکردن و وێناکردنی خەواریج زیاتر وابەستەی تێزەکەیانە دەربارەی حوکمڕان، هەروەها ناونیشانی سەرەکی ئەم بزووتنەوەیە زیاتر خۆی لە بەرهەڵستیکردنی دەسەڵات و حوکمدان لەسەر جۆری ئەو حوکمڕانییەدا دەبینێتەوە کە لێی یاخی دەبن. لە مێژووی پەرەسەندنیشیاندا دووچاری هەڵمەت و پڕوپاگەندە و وێناکردنی خراپیش بوونەتەوە، بەتایبەت لە سەردەمی ئومەوییەکان کە هەندێکیان لە ڕێگەی دانان و دروستکردنی فەرموودەی ساختە بووە کە بە "الأحادیث الموضوعة" بەناوبانگە [٥] چونکە لە سەردەمی ئەواندا زیاتر فەرموودە نووسراوەتەوە و گێڕانەوەکان تۆمار کراون.

خەواریج بەسەر (٢٠_٣٠) گرووپی جیاجیادا دابەش بوون[٦]، بەم هۆیەشەوە بیروڕای جۆراوجۆر و جیاوازیشیان هەیە، بەڵام سەرجەمیان لەسەر هەندێك بنەما تا ڕادەیەکی زۆر کۆك و هاوڕابوون؛ دیارترینیشیان پەسەندکردنی بیروڕاکانی موعتەزیلەیە لە بارەی یەکتاپەرستی، هەروەها تەکفیرکردنی خەڵکە لەسەر ئەنجامدانی ئەو شتانەی تاوان یان حەرامن، هەروەها هاوڕابوون لەسەر ئەوەی هەموو تاوانێکی گەورە "الکبائر" کوفرە، هەرکەسیش لەسەر تاوان و گوناحی بچووك بەردەوام بێت؛ ئەوە لە ئیسلام دەردەچێت، هاوڕابوون لەسەر ڕاپەڕین دژ بە "دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان؛ ئەوانەی بەلای ئەوانەوە کافر بوون[٧]، ئەو گرووپانەشی لە پاش ئەوان ئەم بیروباوەڕانەیان هەبووە یان پەیڕەویان لێ کردووە، پێیان گوتراوە خەورایج، بەتایبەت دەرچوون لەو حوکمڕان و دەسەڵاتدارانەی

---

[١] إحسان عباس، شعر الخوارج، ص ٣٢.

[٢] علي السمناني، **روضة القضاة وطريق النجاة**، تحقيق، صلاح الدين الناهي، (بيروت: مؤسسة الرسالة، ط٢، ١٩٨٤)، ج١، ص ٧٦؛ ناصر السابعي، الخوارج، ص ٣٩٧.

[٣] ابن حزم، **الفصل في الملل والنحل**، تحقيق، محمد إبراهيم وعبد الرحمن عميرة (بيروت: دار الجيل، د.ت) ج٢ ص ١١٣.

[٤] النووي، **المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج**، (بيروت: دار إحياء التراث العربي، ١٣٩٢)، ج١٢، ص ٢٩٩.

[٥] ناصر السابعي، الخوارج، ص ص ٤٠٠_٤٠١.

[٦] لەبارەی ژمارەی گرووپەکانەوە، بڕوانە: الأشعري، مقالات، ج١ ص ص ٨٤_١٠٨؛ عبدالقاهر البغدادي، الفرق بين الفرق، ص ٢٥.

[٧] الأشعري، **مقالات الإسلاميين**، تحقيق، نعيم زرزور (بيروت: المكتبة العصرية، ٢٠٠٥م)، ج١ ص ٨٦، ١٠٨؛ محمد أبو زهرة، **تاريخ المذاهب الإسلامية في السياسة والعقائد وتاريخ المذاهب الفقهية**، (القاهرة: دار الفكر العربي، د.ت)، ص ص ٦٠ _٦١.

کە بەگوێرەی بیروباوەڕی سوننە سەرباری دەرچوونەکانیان هەر لە بازنەی ئیسلامدا بوون [١]، بەڵام ڕەنگە ئەمە پۆلێن و ناوزەدکردنێکی ورد نەبێت چونکە زۆرجار دەرچوونەکان لە دەسەڵات لەسەر ناڕەزایەتی یان کێشەیەکی تایبەت بووە، مێژووی گرووپەکەش ئەوە ئاشکرا دەکات بارودۆخ و هەل و مەرجی جیاوازە و چوون یەك نییە، هێندە هەیە سەرجەمیان لە میکانیزمی کار و پەلەکردن لە یاخیبوون و سەنگەرگرتن لە دەسەڵاتدا چوون یەك بوون[٢]، هەندێکجاریش ئەو گرووپانە لەناو یەکتردا هێندە ناتەبا بوون یەکتر یەکتریان تەکفیر کردووە[٣]، هەر لە هەرێمی جەزیرەشدا لە ساڵی (٢٦٣ك/٨٧٧ز) کوشتاری یەکیان کردووە و هەندێکیان کورد بوون[٤]، جاری واش هەبووە ئەم بزووتنەوانە لەژێر دروشمی بەرپاکردنی دادگەری و بەرەنگاربوونەوەی ستەمدا ڕاپەریون وەك ئەوەی لە ساڵی ٧٦ك/ ٦٩٥ز لە جەزیرە و دەووبەری موسڵ و شاری نسێبین ڕوویداوە و پاساوی دەرچوونی گرووپێك لە "خەواریج" ستەمکاریی دەسەڵاتی ئومەوییەکان بووە[٥].

### ١_بڵاوبوونەوەی خەواریج لە ناوچە کوردنشینەکان:

گێڕانەوە مێژووییەکان ئەوە دەردەخەن یەکەم مێژووی ئاشنابوونی ناوچە کوردییەکان بە خەواریج لە ڕێگەی پەناهێنان و ئاوارەییەوە بووە، لەم میانەیەشدا نزیکەی ٥٠٠ چەکداریان پاش تێکشکانیان لە جەنگی نەهرەوان بەرامبەر سوپای عەلی کوڕی ئەبو تالیب لە (٣٨ك/٦٥٨ز)، ڕوویان کردووەتە شارەزوور [٦] و لەم دەڤەرە گیرساونەتەوە[٧]، وادیاریشە بە تێپەڕبوونی کات کارلێککردن لە نێوانیان خەواریجەکان و خەڵکەکە ڕوویداوە، چونکە لەلایەك دەڤەرەکە بووەتە یەکێك لە بنکەکانی خەواریج[٨]، هەروەها لە ماوەی کەمتر لە سەدەیەکدا (٣٧_ ١٢٧ ك/ ٦٨٥_ ٧٤٥ ز)،

---

[١] الأشعري، مقالات، ص ١٥٦؛ ابن حزم الأندلسي، **الفصل في الملل والأهواء والنحل**، تحقيق، محمد ابراهيم نصر وعبد الرحمن عميرة (بيروت: دار الجيل، د.ت)، ج٢، ص ١١٣

[٢] الأشعري، مقالات، ج١ ص ١٦٩؛ عبدالقاهر البغدادي، الفرق بين الفرق، ص ١٥؛ أحمد أمين، فجر الإسلام، ج١ ص ص ٨٤_١٠٨.

[٣] الأشعري، مقالات، ص ١٥.

[٤] ابن الأثير، الكامل، ج٦، ص ٣٤٨، ٣٨٩.

[٥] الطبري، تاريخ، ج٦، ص ٢١٨.

[٦] شارەزوور: دەڤەرێکی فراوانی نیمچە سەربەخۆ بووە، دەکەوێتە نێوان هەولێر و هەمەدان لە نزیك عێراق، دانیشتوانەکەی کورد بوون. بڕوانە: الاصطخري، المسالك والممالك، ١١٨؛ الحموي، معجم البلدان،٣، ٣٧٤ _٣٧٥.

[٧] أبو حنيفة الدينوري، **الأخبار الطوال**، تحقيق عبدالمنعم عامر (مصر: وزارة الثقافة، د.ت)، ص ٢١٠؛ الأزدي، تاريخ الموصل، ، تحقيق، أحمد عبدالله محمود (بيروت: دار الكتب العلمية، ٢٠٠٦م)، مج١، ص ٧٤؛ ابن الأثير، **الكامل في التاريخ**، تحقيق، عمر عبد السلام تدمري، (بيروت: دار الكتاب العربي، ١٩٩٧)، ج٣، ص ٢٤٢؛ يوليوس فلهاوزن، **أحزاب المعارضة السياسية في صدر الإسلام _ الخوارج والشيعة**، ترجمة، عبد الرحمن بدوي، (القاهرة: مكتبة النهضة، ١٩٥٨م)، ص ٤٣.

[٨] أبو حنيفة الدينوري، الأخبار الطوال، ص ٢١٠؛ الأزدي، تاريخ الموصل، مج١، ص ٧٤: ابن النديم، **الفهرست**، تحقيق إبراهيم رمضان (بيروت: دار المعرفة، ص ١٩٩٧)، ص ٢٩١

ژمارەی خەواریجەکانی شارەزوور لە ٥٠٠ کەسەوە هەڵکشاوە بۆ دەوروبەری چوار هەزار کەس [١] ئەمەش هەشت هێندەی ژمارەی سەرەتایان دەکات، ئاماژەیەکی ڕوونیشە بۆ کاریگەریی بانگەوازەکەیان، هەر لەم هەرێمەشدا سەرکردەی خەواریج دەرکەوتوون وەك "محمد بن خرزاد الكردي" (م.٢٦٧ك/٨٨١ز) کە لە خواپەرستی و ئازایەتی و جەنگدا بەناوبانگ بووە[٢]. ئەم پەرەسەندن و پەلهاویشتنەش لە شارەزوور بەردەوام بووە تا ئەوکاتەی بوەیهییەکان لە (٣٦٩ك/٩٧٩ز) بەیەکجاری کۆتاییان بە دوا یاخیبوونی خەواریجەکانی شارەزوور هێناوە[٣].

هەرێمی جەزیرە[٤] کە دراوسێی شامی پایتەختی ئومەوییەکان بووە، یەکێك بووە لە بنکە سەرەکییەکانی خەواریج و بگرە وەك کۆمەڵی زۆرینەی هەرێمەکە ئاماژەیان بۆ کراوە[٥]، دەکرێت گریمانەی ئەوەش بکرێت؛ کاریگەریی زۆریان لەسەر دانیشتوانە کوردەکە هەبووبێت، بەو پێیەی سەرجەم هەرێمەکە بە "وڵاتی خەواریج" ناوی هاتووە[٦].

لە هەرێمی چیا و ئازەربایجانیش، کوردەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی خەواریجەوە، لەم ڕووەشەوە "المسعودي" (م.٣٤٦ ك/٩٥٧ز) و سەرچاوەی تر باسیان لەوە کردووە هەندێك لە کوردی ناوچەکە لەسەر بیروباوەڕی خەواریجن و "تەبەڕایان کردووە لە عوسمان و عەلی" [٧]، ئەم هەڵوێستەش لە خەلیفەی سێیەم و چوارەمی ڕاشیدین، یەکێکە لەو بنەمایانەی کە خەواریج لەسەری هاودەنگن، هەر خەلیفە و پێشەوایەکی دیکە لەپاش ئەوان هاتبێت، بەپێوەری خەواریجیش ستەمکار بووبێت، هەر خۆیان لێ بێبەری کردووە و تێڕوانینیان لەسەریان نەرێنی بووە[٨]. هەر لە ئازەربایجان کۆمەڵێکی کورد، ناویان "الشراة" بووە[٩] کە یەکێك لە ناوەکانی خەواریج، بەدووریش نازانرێت ئەم ناوە یەکێك بێت لە کاریگەرییە زۆرەکانی خەواریج لەسەر هەرێمەکە، چونکە یەکێك لە فەرماندە

---

(١) ابن الأثير، الكامل، ج٥، ص ١٢.

(٢) ابن الأثير، الكامل، ج٦، ص ٣٤٨، ٣٨٩؛ ابن خلدون تاريخ، ج٣، ص ٤١١؛ سليمان صائغ، **تاريخ الموصل** (مصر: المطبعة السلفية، ١٩٢٣م)، ص ٨٤؛

(٣) مسكويه، تجارب الأمم، ج٥، ص ٤٤٤؛ ابن الأثير، الكامل، ج٧، ص ٣٨٦.

(٤) هەرێمی جەزیرە: دەکەوێتە نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات لە تەنیشت شام، سنوورەکەی لە خاکی کوردی ئیزوولییەوە دەست پێ دەکات لە باکوورەوە تا دەگاتە دەشتاییەکانی بەغدا لە بەشی باشوور، بەناوبانگترین شارەکانی بریتین لە: حەڕان، ڕوها، ڕەقە، سەرێ کانی، نسێبین، شەنکال (سنجار) خابور، ماردین، ئامەد، میافارقین، موسڵ. بڕوانە: زینفون، **الأناباسيس**، ترجمة يعقوب أفرام منصور، ( الموصل: د.ن، ١٩٨٥)، ص ١٦٦_١٨٠؛ الأصطخري، المسالك والممالك، ٥٢.

(٥) الأشعري، مقالات، ج١ ص ١١٢؛ فائزة محمد عزت، الكرد، ص ١٥٠.

(٦) ابن الأثير، الكامل، ج٦، ص ٣٦٩؛ زرار صديق توفيق، الكرد في العصر العباسي، ص ٩٣.

(٧) المسعودي، مروج الذهب، ج٢، ص ٩٧؛ ابن خلدون، تاريخ، ج٧، ص ١٤٩.

(٨) ابن الاثير، الكامل، ج٣، ص ٣٠؛ الشاطبي، **الاعتصام**، تحقيق، هشام الصيني، (السعودية: دار ابن الجوزي، ٢٠٠٨)، ج٣، ص ٣٥٩؛ ابن خلدون، تاريخ، ج٧، ص ١٤٩.

(٩) المسعودي، مروج الذهب، ج٢، ص ٩٧؛ حسام الدين النقشبندي، الكرد في لرستان وشهرزور، ص ١٢٧.

گەورەکانی خەواریج بەناوی "الدیسم الكردي" (٣٤٤ ك/٩٥٥ ز)[١] هەر لەم ناوچەیە دەرکەوتووە، ناوبراو خۆی و باوکی لەسەر مەزهەبی خەواریج بوون[٢]، کاریگەریشی لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە دیارە بەو پێیەی بووەتە فرمانڕەوا[٣].

لە سەدەی (٤ك/١٠ز) زۆربەی دانیشتوانی شاری سوهرەوەرد[٤] خەواریج بوون[٥]، لە زۆر ناوچەی دیکەی کوردنشین ئەمە تێبینی کراوە لەوانەش داقوق "دقوقا" کە پێشتر سەر بە هەولێر بووە[٦]، لە شاری ورمێ ـش دەریاچەی شارەکە بەناوی ئەوانەوە ناونراوە "بحيرة الشراة"[٧].

چالاکییەکانی خەواریج لە ناوچە کورد نشینەکان و چ ئەوانەشی بەجۆرێك لە جۆرەکان کورد بەشدار و هاوکار بوون تێیدا لە سەردەمی ئومەوی (٤١_١٣٢ك/) هەشت بزووتنەوە بوون[٨]، بەڵام لە سەردەمی عەباسیدا (١٣٢_٦٥٦ك/ ٧٥٠_ ١٢٤٨ز) هەڵکشاوە بۆ دەوروبەری ١٦ بزووتنەوەو چالاکی[٩]، بەڵام سەرباری ئەمەش هەندێك کورد هەبوون لە بەرەی دەسەڵاتی خەلافەت بوون و لە دژی ئەم گرووپە جەنگاون، لەم میانەیەشدا ناوی "علی بن داود بن رهزاد الكردي" دیارە بەوپێیەی خەلیفەی عەباسی "المعتضد" لە ساڵی (٢٧٩ ك/٨٩٢ز)، کردییە فرمانڕەوای موسڵ بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەواریج، هەر ئەم خەلیفەیەش پێشتر لە (٢٦٢ك/٨٧٦ز) "محمد بن هزارمرد الكردي" کردووەتە ئەمیری ئەهواز (خوزستان)[١٠]، دانانی ئەم دوو کەسایەتییە کوردەش لەو ناوچە گرنگانەی کە لانکەی خەواریج بوون، هەبوونی متمانە و پابەندی لێ دەخوێنرێتەوە بە دەسەڵاتی عەباسییەکان، هەروەها ناشکرێت دوو فەرماندەی وەها گەورە کەس و کار و دەست و پێوەندی خۆیان لە ناوچە کوردییەکان لەگەڵدا نەبووبێت.

---

[١] دیسم الكردي: کوڕی ئیبراهیمە وبە دیسم بن شادلويه وديسم بن شاذ كويه بن ابراهيم الكردي ـش ناوی هاتووە، لە ساڵی ٣١٥ك/٩٢٧م لە دایك بووە، هاوڕێی فرمانڕەوای ئازەربایجان بووە (یوسف بن أبی الساج) لە پاش مەرگی ئەویش جڵەوی کاروباری گرتووەتە دەست، دەیسەم لەسەر بیروباوەڕی خەواریج بووە وساڵی ٣٤٤ ك/٩٥٥ ز. بە دیل گیراوە. بڕوانە: مسكويه، تجارب الأمم، ج٥، ص ص ٣١٦، ٣٣٠، ٢٥٠؛ ابن حوقل، صورة الأرض، ق٢، ص٣٣٤؛ ابن الأثير، الكامل، ج٧، ص ١٦٤.

[٢] ابن الاثير، الكامل، ج٧، ص ١٠٧؛ ابن خلدون، تاريخ،

[٣] ابن الاثير، الكامل، ج٧، ص ص ١٠٧_١١٠؛ ابن خلدون، تاريخ، ج٣، ص ٥١٣؛ هوتسما وآخرون، **موجز دائرة المعارف الإسلامية**، محرر (الإمارات: مركز الشارقة للإبداع الفكري، ١٩٩٨)، ج٣٢، ص ١٠١٣٩.

[٤] سوورەوەرد، شارێکی کوردییە و نزیکە لە زنجان لە هەرێمی ژیای باکوری ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستا لەسەر سنووری ئازەربایجان، زۆرینەی دانیشتوانەکەی کورد بوون. بڕوانە: الأصطخري، المسالك والممالك، ص ١١٨؛ ابن حوقل، صورة الأرض، ق٢، ص ٣٦٩؛ الحموي، معجم البلدان، ج٣، ص ٢٩٠.

[٥] ابن حوقل، صورة الأرض، ق٢، ص ٣٦٩.

[٦] الحموي، معجم البلدان، ج٢، ص ٥٤٩؛ حسام الدين النقشبندي، الكرد في لرستان، ص ١٢٧.

[٧] حسام الدين النقشبندي، أذربيجان، ص ١٠٢؛ زرار صديق توفيق، الكرد في العصر العباسي، ص ٩٥.

[٨] عطا عبدالرحمن، حركات الخوارج، ص ص ٢٢٣_ ٢٢٩.

[٩] بڕوانە: شيرين سليم حمودي: الجزيرة الفراتية منذ بداية العصر العباسي حتى نهاية خلافة المأمون (١٣٢ هـ ٢١٨ ٧٥٠ _ ٨٣٣م)، دمشق، ٢٠٠٨م.، ص ص ١٦٠_١٦١؛ زرار صديق، الكورد في العصر العباسي، ص ٩٢_١١٠.

[١٠] ابن الأثير، الكامل، ج٦، ص ٢٦٣، ٣٧٠؛ ابن خلدون، تاريخ ابن خلدون، ج٤، ص ٢٧.

**٢_هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی بیری خەواریج لە ناو کورد**

لێکدانەوەی جیاجیا هەیە لەبارەی هۆکاری بڵاوبوونەوەی خەواریج لە ناوچە کوردییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامی، رۆژهەڵاتناس هەن باسیان لەوەکردووە، لە بنەڕەتەوە کورد لە دەرگای خەواریجەوە بە ئیسلامەتی ئاشنا بوون، دواتر چووەتە ناو بیروباوەڕە سوننەگەراییەکانەوە[١]، ئەم بۆچوونەش زیاتر پشت ئەستووره بەو دەقانەی باس لە دواکەوتنی هەندێك ناوچەی کوردنشین دەکەن لە موسوڵمان بوون[٢]، بەڵام ئەم ڕایە ئەوەی لەبەرچاو نەگرتووە کە ئاشنایەتی بەرفراوانی کورد لەگەڵ ئیسلام زادەی پرسە سەربازییەکانی سەردەمی عومەری کوڕی خەتابە پاش ساڵی ١٦ك/ ٦٣٧ زاینی کە لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا بە "فتوحات" بەناوبانگە و لە چەند قۆڵێکی سەرەکییەوە سەرجەم ناوچە کوردییەکانی گرتووەتەوە[٣]، هەروەها ئەوەشی لەبەرچاو نەگرتووە کە بیروباوەڕەکانی خەواریج نوخبەیی و ئاڵۆزن، هەندێکیشیان پەیوەستن بە کۆمەڵێك لێکدانەوەی عەقیدەییەوە لەبارەی تاوان و سزا کە بۆ خەڵکی کشتی جووتیار و مەڕداری ناوچە کوردییەکان بە ئاسانی فام نەکراوە، هیچ بەرهەمێکیشمان لە شەرعزان و زانای بەچەڵەك کوردەوە بەردەست نییە کە داکۆکی لە بیروباوەڕەکانی خەواریج بکات.

بۆچوونی دیکە هەن جوگرافیا و هەڵکەوتەی سەختی چیاکانی کوردستان بە هۆکار دەبینن بۆ هانا هێنانی خەواریج بۆ ئەو ناوچانە[٤] بەتایبەت یەکەم گروپ کە لە جەنگی نەهراوانی دژ بە عەلی کوڕی ئەبو تالیب تێکشکان (٣٨ك/٦٥٨ز)، هەڵهاتن بۆ شارەزوور، ئەمە لە کاتێکدا خەڵکی ناوچەکەش خۆیان هەمیشە حەزیان بە یاخی بوون و ملنەدان بۆ دەسەڵاتە ناوەندگەراکان هەبووە، بە جۆرێك گەڕیدەیەك کە سەدەی (٤ك/١٠ز) بە شارەزووردا گەشتی کردووە باس لەوە دەکات "لانکەی هەموو تووڕەیەک و پەناگەی هەموو هێرشبەرێکە"، ئەم تایبەتمەندی و مۆرکەش درێژ بووەتەوە تا سەدەکانی دواتر و یاقوتی حەمەوی لە سەدەی (٧ک/ ١٣ز) دەربارەی خەڵکی ئەم ناوچانە دەڵێت " یاخین لە دەسەڵات و تامی ناکۆکییان کردووە و یاخیبوونیان ئاسان کردووە"[٥].

سەبارەت بە هەرێمی جزیرەش جگە لە سەختی ناوچەکە، کورد لەوێ بە تەنیا نەبوون و تێکەڵاوی زۆریان لەگەڵ هەندێك لەو هۆزە عەرەبانەدا هەبووە کە چوونەتە ڕیزی خەورایج، لەوانەش شەیبانییەکان و ئەزدییەکان[٦]، لەگەڵ شەیبانییەکان پەیوەندییەکە گەیشتووەتە ژن و

---

[١] أرشاك بولاديان، الأكراد من القرن السابع، ص ١٢٥.

[٢] البلاذري، فتوح البلدان، ص ص ٣٦٩، ٤٣٠؛ الحموي، معجم البلدان، ج٢، ص ٢٩٢؛ ج٣، ص ١٣٤؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ج٨، ص ١٨٣؛ أنور المايي، **الأكراد في بهدينان** (دهوك: مطبعة خبات، ط٢، ١٩٩٩م) ص ٦٥.

[٣] أبي يعلى، طبقات الحنابلة، ج٣، ص ١٦٨؛ محمد علي الصويركي، تاريخ الأكراد، ص ص ٢٧_٢٩؛ تهامي العبدولي، إسلام الأكراد، ص ٦٢.

[٤] عطا عبد الرحمن، حركات الخوارج، ص ص ١٧٤_ ١٧٧.

[٥] بروانه، أبی دلف، الرسالة الثانية، ص ١٢٤؛ مسكويه، تجارب الأمم، ج٥، ص ٤٤٤؛ الحموی، معجم البلدان، ج٣، ص ٣٧٥؛ ابن الأثير، الكامل، ج٧، ص ٣٨٦.

[٦] ابن الأثير، الكامل، ج ٦، ص ٣٧٤؛ زرار صديق، الكرد في العصر العباسي، ص ٩٣.

ژنخوازی لەگەڵ کورد کە ئاستێکی بەرزی پەیوەندی و تێکەڵ بوونە[١].

هاوکات لەگەڵ هۆکارەکانی سەروەشدا خەواریج هەڵگری کۆمەڵێك دروشم بوون کە لەگەڵ خواست و خەونی گەلانی پەراوێزدا دەگونجا و بە قسەی رۆژهەڵاتناس فلهاوزن لە "دیموکراسییەتی ئاینی" دەچوو[٢]، ڕەنگە سەرنجراکێشترین تەوەرەکانی بانگەشەکانیشیان رەتکردنەوەی پێشمەرجی قورەیشی بوون بێت لە هەڵبژاردن و ڕاسپاردنی خەلیفەکاندا [٣] تا ڕادەی ئەوەی باسیان لەوە کردووە کۆیلەی حەبەشەیان پێ قبوڵە بە خەلیفە کە لە هەرە چینە نزمەکانی کۆمەڵگاکانی ئەوکات بوون[٤]. بەلای خەواریجەوە تەنانەت کۆیلەبوونیش ڕێگر نییە لە هەوڵدان بۆ وەرگرتنی پۆستی خەلافەت، هەروەها وای دەبینن ڕێبەرایەتی خەڵك و خەلافەت تایبەت نییە بە بنەماڵە ناودارەکانی عەرەب، بەڵکە مافی کۆمەڵگا موسوڵمانەکانە[٥]، ئەمەش لەلایەك پێچەوانەی مەرجی قورەیشی بوونی سوونەکان بۆ خەلیفە و هی هاشمی بوونی شیعەکانیشە بۆ بۆ دیاریکردنی خەلیفە و ئیمام[٦].

دیدی خەواریج بۆ ڕەوایەتی خەلافەتی نا عەرەب ئەگەرچی بە کردەیی پیادە نەکراوە، دەکرێت لە ڕووی تیۆرییەوە بە پەرەسەندنێکی گەورەی گوتار و بیرکردنەوەی سیاسی ئایینی تەماشا بکرێت، ئەم بابەتەش دروشمێکی سەرنجراکێشیش بووە بۆ ئەو گەلانەی کە گیرۆدەی بەند و باوی باڵادەستی و هەژموونی ناوەندگەرایی قورەیشی و ئەریستۆکراتییەتی عەرەبی بوون و هەر سەردەمی ئومەوییەکانەوە (٤١_١٣٢ك/ ٦٦١_٧٥٠ ز) کرابوون بە مەوالی[٧]، یەکێك لەوانەش نەتەوەی کوردە کە تەنانەت لەسەرەدەمی "پێنجەم خەلیفەی ڕاشیدین[٨]"؛ عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (٩٩_١٠١ ك/ ٧١٧_٧٢٠ز) هەر مەوالی و پاشکۆ بوون[٩]، ئەوانیش وەك گەلە نا عەرەبەکانی تر کێشەی ئەوەیان لەگەڵ عەرەبە موسوڵمانەکاندا هەبووە کە بەشێوەیەکی گشتی بەچاوی کەم تەماشای نەتەوەکانی

---

[١] مسكويه، تجارب الأمم، ج٥، ص ٤٤٤؛ ابن الأثير، الكامل، ج٧، ص ٣٨٦؛ أرشاك بولاديان، الأكراد في الخلافة العباسية، ص ١١٣.

[٢] يوليوس فلهاوزن، الخوارج والشيعة، ص ٧ "ز".

[٣] الأشعري، مقالات، ص ١٠٩؛ البغدادي، الفرق بين الفرق، ص ١٣.

[٤] نجاح العشري، **الخروج على الإمام والخلافة الإسلامية** (القاهرة: مكتبة جزيرة الورد، ٢٠١٢م)، ص ٥٣؛ أحمد أمين، فجر الإسلام، ص ٢٥٩؛ عطا عبدالرحمن، حركات الخوارج، ص ١٥١.

[٥] النووي، **منهاج الطالبين وعمدة المفتين في الفقه**، تحقيق، عوض قاسم أحمد عوض (بيروت: دار الفكر، ١٩٩٥)، ص ٢٩٢ ؛ محمد أبو زهرة، تاريخ المذاهب الإسلامية، ص ٦٠.

[٦] الماوردي، **الأحكام السلطانية** (القاهرة، دار الحديث، د.ت) ص ٢٠؛ عبد الرزاق العفيفي، مذكرة التوحيد، ١١٩.

[٧] مەوالی، زاراوەیەکە بە گەلانی ناعەرەب وعەجەمی وتراوە کە موسوڵمان بوون وچوونەتە ژێر نفوزی هۆزە عەرەبەکانەوە، لەو دەمەشدا پۆلێنبەندیی خەڵك دوو ناونیشان بووە کە مەوالی وعەرەبن. بڕوانە، فلهاوزن، **تاريخ الدولة العربية من ظهور الإسلام إلى نهاية الدولة الأموية**، ترجمة، محمد عبد الهادي (القاهرة: لجنة التأليف، ١٩٥٨)، ص ٤٧١.

[٨] أبي يوسف، **الخراج**، تحقيق، طه عبالرؤف وسعد حسن (القاهرة: المكتبة الأزهرية للتراث، د.ت)، ص ٦٦.

[٩] بڕوانە، أبي دلف، الرسالة الثانية، ص ١٢٤؛ gibb and kramers, Shorter Encyclopaedia of Islam (leden:1953) ,p248.

دیکەیان کردووە، پێشیان وابوو خوێنی ئەوان جیایە لە هی خەڵکی تر، بەتایبەت پاش سەرکەوتنەکانیان بەسەر فارس و ڕۆمەکان لە سەردەمەکانی ڕاشیدین و ئومەوی[١].

خەواریجەکان کە هەبوونی خەلیفە وئیمام بە واجبێکی ئایینی نابینن وبەلایانەوە هەبوونی ڕێبەر وخەلیفە بابەتێکی لاوەکییە[٢]، دەرگایان واڵاو کراوە بووە بۆ هەموو ئەوانەی دەچنە ڕیزەکانیانەوە، جگە لەوەش بانگەشەی ئەوەیان کردووە هەمیشە پشت و پەنای ستەملێکراوانن و مافیان بۆ وەرئەگرنەوە لە ستەمکاران[٣]، ئەمەش ڕەنگە بەرچاوڕوونی زۆری تێدابێت لەبارەی هۆکاری بڵاوبوونەوەی چڕیان لە شارەزوور و هەرێمی چیای دوورە دەست و کورد نشین، بەڵام تۆمارە مێژوییەکان ئەوە دەردەخەن خەواریجەکان نەیانتوانیوە بگەنە ئامانج و هیچیان بۆ خۆیان پێ نەکراوە تا بتوانن یارمەتی گەلانی تر و هاوکارەکانیان بدەن، بەم هۆیەشەوە بۆچوونێك هەیە پێی وایە ناوچە کوردنشینەکان هیچ بەرهەمێکی ئەوتۆیان لە پەنادانی خەواریج و بەشداریکردنی بزووتنەوەکانیان نەچنیوەتەوە لە کاتێکدا لە بەرهەڵستی کردنی دەسەڵاتەکانی ئومەوی و عەباسیدا باجی زۆریان داوە[٤]، ئەمەش دەرەنجامی بەراوردکردنی زیان و قازانجی جەمسەرگیرییەکانی ناوچە کوردییەکانە لە سەدە بەراییەکانی ئیسلامدا و بۆچوونێکی پاساودارە.

مێژووی لاوازبوون و کۆتاییهاتنی نفوز و پێگەی خەواریج لە ناوچە کوردییەکاندا، هاوتایە لەگەڵ پاشەکشەی گشتی ئەم بزووتنەوانە لە سەدەی (٤ك/ ١٠) زاینی لە سەرانسەری ناوچەکانی خەلافەت، لە سەرەتای ئەم سەدەیە بەدوا، خەواریجەکان پەرتەوازەبوون بۆ گرووپگەلی بچووکی لاواز و بێ کاریگەریی[٥]، هەر لەم سەروبەندە و لە ساڵی (٣١٨ك/ ٩٣٠ ز) کۆتا بزووتنەوەی بەرچاوی خەورایج لە ناوچەکانی جزیرە هەواڵ و دەنگ و باسی لە سەرچاوە مێژوییەکاندا هەیە[٦]، هەر ئەم پاشەکشە و کۆتاییهاتنەی خەواریجیش دەرگای کردەوە بۆ ئەوەی ئاینزا ئیسلامییەکانی تر لە ناوچە کوردنشینەکان ببنە جێگرەوە و لەناو خەڵکەکەیدا بڵاو ببنەوە و پەرە بسێنن[٧]، بە تایبەت ئەوان تازە گەیشتبوونە قۆناغی کواستنەوە و پێگەیشتن و پەلهاویشتن بۆ ناوچەکانی دەرەوەی شارە گەورەکانی سنوری قەڵەمڕەویی عەباسییەکان.

[١] أحمد أمين، **ضحى الإسلام** (القاهرة: مكتبة الأسرة، ١٩٩٧)، ج١، ص ٤٠.
[٢] الأشعري، مقالات، ج١، ص ١٠٩؛ نجاح العشري، الخروج على الإمام، ص١١٩.
[٣] فائزة محمد عزت، الكرد في إقليم الجزيرة، ص ٦٠.
[٤] أحمد عبدالعزيز، **علاقة الكرد بالخوارج والزنج في العصرين الأموي والعباسي** (أربيل: موكرياني، ٢٠١٠)، ص ٢١.
[٥] آدم متز، الحضارة، ج١، ص ١١٩.
[٦] انظر، المسعودي، مروج الذهب، ج٣، ص ١١٦.
[٧] أرشاك بولاديان، الأكراد من القرن السابع، ص ١٢٨؛ تومابوا، مع الأكراد، ص ١٠٥.

## بەشی دووەم: شیعە

**١_ چەمك و دەركەوتن:**

شیعە ناوێکە بۆ هەوادار و لایەنگر، شیعەی هەموو کەسێکیش لایەنگرەکانینی، هەر کۆمەڵە کەسێکیش لەسەر بابەتێك هاوڕابن ئەوە "شیعة" ن و کۆمەڵێکی جیاوازن[١]، بەڵام ئەم زاراوەیە بووەتە ناونیشانێك بۆ ئەوانەی شوێنکەوتەی عەلی کوڕی ئەبو تالیب (م.٤٠ك/٦٦١ز) و ئال و بەیتی پێغەمبەرن (د.خ)، بە تایبەت پاش جیابوونەوەی زەقی بەرەی معاویەی والی شام لە بەرەی لە بەرەی عەلی خەلیفەی چوارەم (٣٧ك/٦٥٧ز[٢])، لە قۆناغەکانی دواتریشدا نازناوی شیعە دەبێتە ناوێکی گشتگیر بۆ کۆمەڵێکی زۆر لە گروپە ئیسلامییە جیاوازەکان کە هاوڕان لەسەر ئەوەی عەلی خەلیفەی شەرعییە لە پاش پێغەمبەر (د.خ) و لەپاش ئەویش نەوەکانی لە فاتمەی هاوژینی کە کچی پێغەمبەرە (د.خ)[٣]، بەم پێیەش تان و پۆی بیری سیاسی شیعە دەچێتەوە سەر تیۆریای پشتاوپشت کە لە عەلی ئەبو تالبەوە دادەبەزێت بۆ کۆمەڵێك لە وەچەکانی و ئەمەش لە سیستمی پاشایەتییەوە نزیکە[٤] لەگەڵ ڕووپۆشکردنی بە پیرۆزی ئایینی.

لە بیروباوەڕی شیعەدا ئیمامەت تایبەتە بە ئال و بەیت لە ناو ئەوانیشدا بە نەوەکانی عەلی، پاشان ١٢ کەس لە نەوەکانی حوسێن کە "دوازدە ئیمام" ن[٥]، ئەگەریش بەکردەیی پێشەوایەتی لەلای ئەوان نەبووبێت، ئەوە بە ستەمکاری لێیان داگیرکراوە، ئەم پێگەیەش بە وەسێت کردن و دەستنیشان کردنە[٦]، هەروەها پێداگرن لەسەر ئەوەشی کە هیچ کات زەوی خاڵی نییە لە ئیمام و گوێڕایەڵیکردنیشیان ئەرك و فەریزەتە، بەو پێیەی "جێنشینی خودان لەسەر زەوی"[٧]، ئەم پێگەی

---

[١] الزبيدي، **تاج العروس من جواهر القاموس**، تحقيق، جماعة من المختصين (الكويت: وزارة الإرشاد، ٢٠٠١)، ج٢١، ص ٣٠٢؛ الفيروز أبادي، **القاموس المحيط** (بيروت: دار الفكـــر، ١٩٧٨ م)، ج٣، ص٦١.

[٢] محمد محمد صادق الصدر، **الشيعة** (بغداد: مطبعة الكرخ، ١٣٥٢ هـ)، ص ٥٧.

[٣] محمد الصدر، الشيعه، ص ص ٥٧ _٦٥؛ هوتسما وآخرون، دائرة المعارف، ج٢٠ ص ٦٤٣٧.

[٤] يوليوس فلهاوزن، الخوارج والشيعة، ص ١٤.

[٥] ئەو ئیمامانەش بەلای شیعەی ئیمامییەوە کە لە ڕێگای وەسێتکردنەوە پایەیان وەرگرتووە بریتین لە: عەلی، (م.٥٠ك/ ٦٧٠)، حەسەنی کوڕی عەلی (م.٦١ك / ٦٨٠ز)، حوسێن وەسێتی بۆ کوڕەکەی کردووە؛ عەلی کوڕی حوسێن (م.٩٥ك/ ٧١٣ز) ئەویش بۆ کوڕەکەی؛ محەمەد باقر (م.١١٩ك/ ٧٣٧ز)، ئەویش بۆ کوڕەکەی جەعفەری سادق (م.١٤٨ك/ ٧٦٥ز)، ئەویش بۆ کوڕەکەی؛ موسای کازم (م.١٨٣ك/ ٧٩٩ز)، ئەویش بۆ کوڕەکەی؛ عەلی (الرضا)، (م.٢٠٣ك/ ٨١٨)، ئەویش بۆ کوڕەکەی؛ محەمەد جەواد (م.٢٢٠ك/ ٨٣٥ز)، ئەویش بۆ کوڕەکەی عەلی (الهادي)، (م.٢٥٤ك/ ٨٦٨ز)، ئەویش بۆ کوڕەکەی؛ حەسەن عەسکەری (م.٢٦٠ك/ ٨٧٣ز)، ئەویش بۆ کوڕەکەی کە ئیمامی دوازدەیەمە و ستوودەیە؛ مەهدی مونتەزەر کە شیعە چاوەڕوانی دەکەن بگەڕێتەوە. النوبختي: **فرق الشيعة** (بيروت: منشورات الرضا، د.ت)، ص ٥٩، ٦١، ٩٦، ١٢٨، ١٣٨، ١٤٥، ١٤٩، ١٥٠؛ ابن خلكان، وفيات الأعيان، ج٤، ص ١٧٥ و ج٤، ص ١٧٦ و ج٥، ص ٣٠٨.

[٦] ابن بابويه القمي، **الإمامة والتبصرة**، (قم: مدرسة الإمام المهدي، د.ت)، ص ص ٤٠_٥٠.

[٧] الكليني، **الأصول من الكافي**، تحقيق، علي أكبر الغفاري، (طهران: دار الكتب الإسلامية، ط٣، ١٣٨٨هـ)، ص ص ٧٠_٨١.

ئیمامەتەش بەلای شیعەوە بە ئیلهامێکی خوایی بەخشراوە [١]. هەروەها پێ دادەگرن لەسەر ئەوەی ئیمامەت بە شورا و هەڵبژاردن نییە، هەرکەسیش بمرێت و ئیمامی خۆی نەناسێت مەرگێکی نەفامانەی کردووە، ئیمامەتیش تا رۆژی دوایی بەردەوامە[٢].

لەبارەی دیاریکردنی مێژووی سەرهەڵدانی شیعەگەرییەوە مشتومڕی زۆر هەیە، زۆرێك لە شیعە دەیبەنەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) و پێدادەگرن لەسەر ئەوەی کە لە ژیانی خۆیدا وەسێتی بۆ عەلی کوڕی ئەبوتالیبی ئامۆزا و زاوای کردووە، ڕووداوێکیش دەکەنە بەڵگە کە لە سەرچاوەکانی سوننەشدا هاتووە و پاش حەجی ماڵئاوایی لە جێگایەك کە پێی دەگوترێت غەدیری خوم(١٠ك/٦٣٢ز) پێغەمبەر گوتوویەتی "من كنت مولاه فعلي مولاه" [٣]، هەروەها پێیان وایە ئەوەی باس دەکرێت لەوەی کارەکەی بۆ ڕاوێژ (شوری) بە جێهێشتبێت هەڵهێنجانێکی ورد و دروست نییە[٤]، بەڵام جگە لەم بەسەرهاتە، مێژووی شیعە وابەستەی کۆمەڵێك ڕووداوی گرنگ و جومگەییە کە هەریەك لەوانە دەشێت وەك سەرەتایەك لە سەرهەڵدانی مەزهەبی شیعە تەماشا بکرێت، لەوانەش: مشتومڕی ناو سەقیفەی بەنی ساعیدە لە بارەی جێگرتنەوەی پێغەمبەر (١١ك/٦٣٢ز)، شەڕی سوپای عەلی و سوپای معاویە (صفین) (٣٧ك/٦٥٨ز)، دواتر کوژرانی حوسێن و خێزان و یارانی لە کەربەلا (٦١ك/٦٨٠ز)، بەدوایدا دەرکەوتنی ئەوانەی داوای تۆڵەکردنەوەی خوێنی حوسێنیان دەکرد "حركه التوابين" بە سەرۆکایەتی موختاری سەقەفی(م.٦٧ك/٦٨٦ز)....هتد[٥]، بەڵام جگە لە لایەنە مێژویی و سیاسییەکەی، دەرکەوتنی شیعە وەك ئاینزایەکی خاوەن دید لە ناو گرووپە ئیسلامییەکانی تردا زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (٤ك/١٠ز)[٦]، ئەو چالاکییانەشی کە پێشتر لەسەر بزووتنەوەی شیعە ئەژمارکراون، زیاتر پابەندیی ڕۆحی و جموجوڵ و بیروبۆچوونی سیاسین و

[١] محمد الحسين آل كاشف الغطاء، **أصل الشيعة وأصولها مقارنة مع المذاهب الأربعة** (بيروت: دار الأضواء، ١٩٩٠م)، ص ١٣٤.

[٢] محمد رضا المظفر، **عقائد الإمامية** (قم: انتشارات أنصاريان، د.ت) ص ص ٦٥_٦٦.

[٣] فەرموودەی "من كنت مولاه فعلي مولاه" بەلای سوننەکانەوە ئەگەرچی دروستە، بەڵام ئاماژەیان بەوە کردووە، مەبەست لێی سپاردنی ویلایەت و دیاریکردنی ئیمامەت نییە و دەڵێن ئەگەر ئەوەی مەبەست بوایە بەڕوونی دەیگوت نەك بەو دەربڕینە فرە تەفسیرە. بڕوانە (ابن سعد: **الطبقات الكبرى**، تحقيق، إحسان عباس (بيروت: دار صادر، ١٩٦٨)، ج٥، ص ٣١٩؛ ابن حنبل، مسند الإمام أحمد، ج١، ص ٨٠.

[٤] السيد هاشم البحراني، **كشف المهم في طريق خبر غدير خم** (البحرين: مؤسسة احياء تراث السيد هاشم البحراني، د.ت)، ص ص ٢٩_٤٠؛ محمد باقر الصدر، **نشأة التشيع والشيعة**، تحقيق، عبد الجبار شراره، (مركز الغدير، د. ت)، ص ٨٤.

[٥] نبيلة عبد المنعم داود، **نشأة الشيعة الإمامية** (بيروت: دار المؤرخ العربي، ١٩٩٤)، ص ص ٥١_٨٤؛ سميرة مختار الليثي، **جهاد الشيعة في العصر العباسي الأول** (بيروت: دار الجيل، د.ت)، ص ٢٤.

[٦] سەردەمی غەیبەتی گەورەی ئیمامی دوازدەیەمی شیعە لەم سەدەیەوە و لە ساڵی ٣٢٩ کۆچی دەست پێ دەکات، هەروەها ناودارانی شیعە لەم سەدەیەوە دەردەکەون. بڕوانە: آغا بزرگ الطهراني، **طبقات اعلام الشيعة** (قم: مؤسسة اسماعيليان، د.ت)، ج١" ص ١.

نەگەیشتوونەتە ئاستی پێکهێنانی ئایینزایەك[١]" هەر لە پاش سەدەی (٤ك/١٠ز)، هەر لەم قۆناغە بەدواوەش گوتاری مەزهەبییانەی شیعەو گەورە شەرعزان و گێڕەرەوەکانی ئایینزاکە دەرکەوتوون [٢].

شیعەکان لە پەرەپێدانی ئایینزاکەیاندا کەڵکیان لە بۆچوونە عەقڵانییەکانی موعتەزیلە وەرگرتووە بۆ دروستکردنی بیروباوەڕی فەلسەفی خۆیان دەربارەی بابەتەکانی عەقیدە و یەکتاپەرستی[٣]، هەر لەوانیشەوە هەندێك دروشمیان خواستووە وەك "العدل والتوحيد"[٤]، تا ئاستی ئەوەی "المقدسي" (م.٣٨٠ك/٩٩٠ز) کە بە ناوچەکانی بڵاوبوونەوەی شیعەدا گەشت و گەڕانی کردووە، جەخت دەکاتەوە سیمای زاڵ بەسەر شیعەگەرییەوە بیروڕاکانی موعتەزیلەیە[٥]، بەڵام بیرمەندەکانی شیعە لەوانەش "الشيخ المفيد" (م.٤٣٦ك/١٠٤٤ز) لە چەند جێگایەك هەندێك لە بۆچوونەکانی موعتەزیلەیان ڕەت کردووەتەوە[٦]، هەندێکیش لە شیعەکان پێیان وایە ئەوان بەر لە موعتەزیلە دەرکەوتوون و تەنها لە چەند شتێکدا هاوڕان، ئەمەش ناکاتە ئەوەی باوەڕەکانیان لەوانەوە وەرگرتبێت[٧]، هەروەها جەخت لەوە دەکەنەوە ئەوان ئایینزایەکی تایبەتن و کارلێککردنەکە پێچەوانەیە؛ موعتەزیلەکان کاریگەر بوون بە شیعە نەك شیعە بە موعتەزیلە[٨]، بەگوێرەی هەندێك لە توێژینەوە نوێیەکانیش هاوڕایی شیعە و موعتەزیلە لە بابەتە کەلامییەکان نزیکە لە تەوەر و خاڵەکانی ناکۆکی هەردوو ئایینزاکە، ئەم کاریگەربوونەش لەناو سەرجەم ئایینزا ئیسلامییەکاندا هەیە[٩].

گروپەکانی شیعەش زۆرن و لەناو هەر گروپێکیشدا لق و جیابوونەوەی جۆراوجۆر هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی چالاکی و جموجوڵەکانیان لە سەردەمی عەباسیدا دابەش بوون بەسەر سێ کۆمەڵی سەرەکیدا کە بریتین لە دوازدە ئیمامی، ئیسماعیلییە باتنییەکان، لەگەڵ زەیدی[١٠].

---

[١] عرفان عبد الحميد، **دراسات في الفرق والعقائد الإسلامية** (بغداد: دار التربية، ١٩٧٧م)، ص١٦؛ إحسان إلهي ظهير، **الشيعة والتشيع**، ص ٣٧؛ سميرة مختار الليثي، **جهاد الشيعة**، ص ص ٢٦ _٢٧.

[٢] طالب الخرسان، **نشأة التشيع**، (قم: انتشارات الشريف الرضى، ١٩٩١)، ص ص ٨٥_٨٧؛ آدم متز، الحضارة، ج١، ص ١٢٢.

[٣] الشهرستاني، مقالات، ج١، ص ٤٦.

[٤] عبد المجيد أبو الفتوح بدوي: **التاريخ السياسي والفكري للمذهب السني في المشرق الإسلامي من القرن الخامس الهجري حتى سقوط بغداد** (المنصورة: دار الوفاء، ط٣، ١٩٨٨م)، ص ٨٨.

[٥] المقدسى، أحسن التقاسيم، ص ٣٧.

(٦) الشيخ المفيد، **الحكايات في مخالفات المعتزلة**، تحقيق السيد محمد رضا الحسيني (إيران: المؤتمر العالمي لألفية الشيخ المفيد،١٤١٣هـ)، ص ص ٥٧_٨٣.

) ص ص ٢٧_٢٨.

[٧] محسن الأمين، أعيان الشيعة، ج٥، ص ١٢.

[٨] قاسم جوادى، **بين الشيعة والمعتزلة العلاقة الملتبسة وتاريخ الخلاف الفكري**، ترجمه من الفارسية محمد عبدالرزاق، بحث منشور في مجلة المنهاج، السنة العاشرة، شتاء ١٤٢٦هـ/ ـ ٢٠٠٥ م، ص ١_٢.

[٩] جعفر السبحاني، **أضواء على عقائد الشيعة الإمامية وتاريخهم** (تهران: نشر مشعر، د.ت) ص ص ٣٧٧_٣٨١.

[١٠] الشاطبي، الاعتصام، ج٣، ص١٤٧.

**٢_ كورد له سەرچاوه بنەڕەتییەكانی شیعەدا**

دامەزرێنەری حەوزەی نەجەف و "شێخی تایفه"ی شیعه[١] "الطوسي" (م.٤٦٠ك/١٠٥٠ز)، پێداگره بووه لەسەر ئەوەی ناكرێت ژن و ژنخوازی و تێكەڵی و كڕین و فرۆشتن لەگەڵ كورددا بكرێت، ئەمەشی له چوارچێوەی خەڵكی خراپەكار ئاماژە پێ كردووه[٢]، ئەم فەتوایە له دژی كورد ڕیشەكەی دەگەڕێتەوە بۆ هەندێك گێڕانەوە كه دراونەتە پاڵ ئیمامەكانی ئەم ئایینزایە و خراپ له كورد دەدوێن، گرنگترین ئەو ڕیوایەتانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

ـ كەسێك بەناوی "أبي ربيع الشامي" پرسیویەتی له شەشەم ئیمامی شیعە؛ "جعفر الصادق" (م.١٤٨ك/١٦٥ز) [٣]، ئەوان دراوسێی هەندێك لە نەتەوەی كوردن و پێكەوە كڕین و فرۆشتن دەكەن، ئایا تێكەڵییان بكەن و شتیان پێ بفرۆشن؟ ئەویش وتوویەتی: نەخێر تێكەڵییان مەكەن، ئەوانە بەشێكن له جنۆكە خوا پەردەی لەسەر هەڵماڵیون، نەخێر تێكەڵییان مەكەن[٤].

ـ له هەندێك ڕیوایەتی دیكەی شیعەدا ئەوە دراوەتە پاڵ ئیمام عەلی، كه ئیمامی دوازدەیەمی شیعە؛ مەهدی، له كاتی دەركەوتنیدا، كورد بنەبڕ دەكات له عێراق، وهەندێك سەرچاوەی تر باس لەوە دەكەن بەكەنیزەك كردنی كورد ڕەوایە[٥]، هەندێك ڕیوایەتی تر، شیعەكان هان دەدەن بە زەبری شمشێر مامەڵە بكەن له گەڵ كورد[٦].

ئەم گێڕانەوانە ئەگەرچی لە سەرچاوەكانی سەدە ناوەندییەكانی ئیسلامدا وەك حوكمێكی شەرعی بۆ شوێنكەوتووانی ئایینزاكە دەستاو دەستیان پێ كراوە، بەڵام له قۆناغەكانی دواتردا بوونەتە

[١] الطوسي، **النهاية النهاية في مجرد الفقه والفتاوى** (قم: انتشارات قدس، د.ت)، ص ٥ (مقدمة التحقيق).

[٢] الطوسي، **تهذيب الأحكام**، تحقيق، حسن الموسوي (إيران: دار الكتب الاسلامية ط٤، ١٣٦٥ ق)، ج٧، ص١١.

[٣] جەعفەری سادق كوڕی محەمەد باقرە، كۆتا ئیمامە كه دانپێدانانی شیعە ئیمامییەكان و ئیسماعیلییەكانیشی هەبێت بەیەكەوە، لە كۆتاییەكانی ئومەوی و سەرەتای سەردەمی عەباسی لە شاری مەدینە ژیاوە، خاوەن ڕیوایەت و گێڕانەوەی زۆرە و پێگەیەكی گەورەی هەیە لە شەرعزانیدا و ئایینزای شیعە دەدرێتە پاڵ ئەو. بڕوانە: هوتسما وآخرون، موجز دائرة المعارف، ج١٠، ص ٣٠١٠.

[٤] الكليني، الفروع من الكافي،ج ٥، ص ١٥٨؛ الشيخ الصدوق، **علل الشرائع** (النجف: المكتبة الحيدرية،1386) ج٢،ص ٥٢٧؛ الحلي، تذكرة الفقهاء، (قم: مؤسسة آل البيت ١٤٢٢ هـ)، ج١٢، ص ١٧٨؛ الأردبيلي، **مجمع الفائدة والبرهان**، تحقيق، الحاج آقا مجتبى العراقي وآخرون (ايران: مؤسسة النشر الإسلامي١١ ٤١ هـ)، ج٨، ١٢٩؛ الحر العاملي، **تفصيل وسائل الشيعة إلى تحصيل مسائل الشريعة** (قم: مؤسسة آل البيت، ١٤١٤هـ)، ج١٧، ص ٤١٦؛ محمد حسن النجفي، **جواهر الكلام**، تحقيق، الآخوندي، (طهران: دار الكتب الإسلامية، ١٣٦٨)، ج٢٢، ص ٤٥٧.؛ السيد أحمد الخوانساري، **جامع المدارك في شرح المختصر النافع** (طهران: مكتبة الصدوق، ط٢، ١٤٠٥هـ)، ج ٣ ص ١٣٧؛ محمد علي الأنصاري (ت ١٣١٠هـ)، **الموسوعة الفقهية الميسرة** (قم: مجمع الفكر الإسلامي، ١٤٢٢ هـ)، ج٢٢، ص ٤٥٧ ؛ إسماعيل المعزى الملايري، **جامع أحاديث الشيعة في احكام الشريعة** (قم: المهر، ١٤١١ هـ)، ج١٨، ٥٤.

[٥] النعماني، **الغيبة**، تحقيق فارس حسون كريم (قم: أنوار الهدى، د.ت)، ص ص ١٤٩ _ ١٥٠؛ الإحسائي، **عوالي اللئالي العزيزية في الأحاديث الدينية** (طهران: مطبعة سيد الشهداء، ١٩٨٤)، ج٣، ص ٣٠٢؛ الملايري، **جامع أحاديث الشيعة** (طهران: مهر، د.ت)، ج١٨، ص ٥٤، ج٢١، ص ١٢٨.

[٦] الحر العاملي، **تفصيل وسائل الشيعة إلى تحصيل مسائل الشريعة** (د.م، مؤسسة آل البييت لإحياء التراث، ط٢، ١٤١٤ هـ)، ج٢٨، ٣٨٢.

جێگای هەڵوێستەکردن و هەندێك هەوڵ دراوە بۆ دۆزینەوەی مانای جیاواز بۆیان، لەم میانەیەشدا فەرموودەناسی شیعە "المجلسي" (م.١١١١ك/١٦٢٧ز) باسی لەوە کردووە ڕیوایەتی جنۆکە و نەهیکردن لە مامەڵەکردن لەگەڵ کورد بچڕان لە گێڕەرەوەکانی هەیە و دەچنە خانەی گێڕانەوەی "مرسل"[١] کە بەشێکە لە "ضعيف"، بە بۆچوونی هەندێك لە فەرموودەناسەکانی شیعە شکاری پێ ناکرێت[٢]، هەندێك سەرچاوەی تری هاوچەرخی شیعە کۆی ئەم دەق و گێڕانەوانە بە لاواز دەدەنە قەڵەم بەتایبەت ئەوەی دراوەتە پاڵ "جعفر الصادق" (م.١٤٨ك/٧٦٥ز) چونکە ئەوانەی دەیگێڕنەوە نەناسراون[٣]. لای خۆشییەوە زانای شیعی"محمد باقر الصدر"، باسی لەوە کردووە ئەم دەقانە ئەگەرچی لەڕووی سەنەدەوە دروستیش بن، ئەوە لە دەق و مانادا پێچەوانەی ڕۆحی ئایەتەکانی قورئانن، لەبەر ئەوەش وەرناگیرێن[٤]، مەرجەعی تر هەیە بەجۆرێکی تر چارەسەری کردوون و باس لەوە دەکات مەبەست لە "کورد" ی ناو ڕیوایەتەکان نەتەوەی کورد نییە، بەڵکو ئەو خەڵکە چیاییەن دابڕاون لە شارەکان و پێیان وتراوە کورد لەو کاتەدا، هەروەها باسیان لەوەش کردووە کاتێك گوتراوە کورد لە جنۆکەن، مەبەست ئەوەیە شاراوەن لە چیاکان نەك لە خودی ڕەگەزی جنۆکە بن، هەروەها دەڵێن ئەم گێڕانەوانەش حوکمی هەمان ئەو گێڕانەوانەیان هەیە کە لە سات و کاتی خۆیدا لۆمە و سەرزەنشتی هەندێك شاریان کردووە، ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت بەردەوام ئەو شارانە بە خراپ بهێننەوە[٥].

ئەم لێکدانەوانەش کە بۆ ئەم گێڕانەوانە هەن هێشتا لاوازن لە ئاست بەربڵاوی و ڕەسەنایەتی سەرچاوەکانیان لە ئایینزای شیعە، لەم سۆنگەیەشەوە پێویستی بە بنکۆڵکاری و چارەسەری بەهێزتر و کاریگەرتر هەیە کە جێگە متمانەی زۆرینەی پەیڕەوانی ئەم ئایینزایە بێت، هەروەها ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەگەر بگوترێت ئەم بەدبینییە بەهۆی سوننە بوونی کوردەوەیە، ئەوە هاوتای ئەم گێڕانەوە شیعانە بەدبینی بەرانبەر کورد بەشێوەی کاڵتر لە سەرچاوە سوننەکانیشدا هەیە لە چەشنی ئەوەی "ابن الجوزي" (م.٥٩٧ك/١٢٠٠ز) لەبارەی هۆکاری بڵاوبوونەوەی قەرامیتە شیعە "باطني" یەکان باسی لەوەکردووە لەناو گەلانی گێل و گەمژە خەڵکی کورد و خەڵکە وشکەکەی عەجەمدا بڵاوبوون[٦]، "ابن الأثير" (م. ٦٣٠ك/) تاوێك وەك ئەعرابی فارس و تاوێکی تر وەك خراپەکاری (مفسد) ی هاوپەیمانی "الأعراب" و جەردە "الصعاليك" باسی لە یاخیبوونەکانی کردوون[٧]، ئیبن تەیمییەش (٧٢٨ك/١٣٢٨ز)

---

(١) المجلسي، **مرآة العقول**، (د.م، دار الكتب الإسلامية، ١٤٠٤ هـ)، ج ٢٠، ص ٢٥٦.

(٢) عبد الهادي الفضلي، **أصول الحديث** (قم: مؤسسة أم القرى، ١٤١٦ هـ)، ص ١٧٧

(٣) مركز الأبحاث العقائدية، روايات ذم الأكراد، قم_ النجف، https://bit.ly/3ApXBra متاح (٢٠٢٢/٧/١٠).

(٤) كمال الحيدري، **روايات النهي عن التعامل مع الكرد مخالفة للقرآن** https://bit.ly/3yibcOM النشر (٨ /٢/ ٢٠٢٢)، متاح: (١٩/ ٥/ ٢٠٢٢)؛ جعفر الصويلح، روايات كراهة تزويج الأكراد، https://bit.ly/3yQmV8G النشر: (٢٤/ ٩/ ٢٠١٥)، متاح (١٠/ ٧/ ٢٠٢٢).

(٥) الشيرازي، **الفقه، موسوعة استدلالية في الفقه الإسلامي** (بيروت: دار العلوم، ١٩٨٨)، ص ص ٧٢_٧٣.

(٦) ابن الجوزي، المنتظم، ج١٢، ص ٢٩٧.

(٧) ابن الأثير، الكامل، ج١، ص ٨٩، ج٥، ص١٥٦، ج٦، ص٥٩، ١٠٠، ٢٣٩، ٣٣٧، ٧٠٤، ج٨، ص ١١٣.

هاوتای کردوون لەگەڵ ئەو ئەعراب و دەشتەکیانەی پابەند نین بە ئیسلامەوە و لەسەر ئەوەش کوشتاریان واجب دەبێت[١].

**٣_ بڵاوبوونەوەی شیعە لە ناو کورد**

ئەو گرێ و بەدبینییەی نێوان شیعە و کورد کە لە سەرچاوەکاندا هەیە رێگر نەبووە لەوەی کورد بەشداری لەم ئاییتزایەدا بکەن، بەگوێرەی سەرچاوە و ئاماژەکان ڕێژەیەك لە کورد چوونەتە ڕیزی هەوادارانی ئال و بەیت و بوونەتە شوێنکەوتەی بیروباوەڕی شیعە[٢]، هۆکاری ئەمەش جۆراوجۆرە لەوانەش لە سەردەمی ئومەوی و عەباسییەکاندا، کوردستان بووەتە پەناگەی ئەو شیعانەی کە لە دەست چەوسانەوە هەڵهاتوون، هەندێك لەوانە کە خێزانی عەلەوییان تێدابووە لە ناوچەکە کوردییەکان نیشتەجێ بوون، هەندێکیشیان کوردستانیان وەك ڕاڕەوێك بەکارهێناوە بۆ دەربازبوون بەرەو خوراسان و ناوچەکانی تری رۆژهەڵاتی ئیسلامی، ئەوانەشی نیشتەجێ بوون تێکەڵ بە کولتوور و زمان و داب و نەرێتی ناوچە کوردییەکان بوون و بەهۆی سۆزی کورد بۆ ئال و بەیت وەك "سادات" ڕێز لێ گیراو بوون[٣].

هەندێك ناوچەی کوردنشین لە دەوروبەری شاری موسڵ کەوتووەتە ژێر قەڵەمڕەویی حەمدانییە شیعەکان (٣١٧_٣٨٠ك/٩٢٩_٩٩١ز)[٤]، هەروەها کوردەکان دراوسێی عەرەبی عێراق بوون کە لە بنەڕەتدا نیشتمانی ڕەسەنی سەرهەڵدانی شیعەگەرییە و پایتەختی خەلافەتی عەلی کوڕی ئەبوتالیبە (٣٥_٤٠ ك/٦٥٦_٦٦١ز)، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا سەرزەمینی کوژرانی حسێنی کوڕی و لانکەی زۆرێکی دیکە لە شۆڕشە شیعەکان بووە و مەڵبەندی چاوەڕەوانیی دەرکەوتنی کۆتا ئیمامی دوازدەیەمیشە کە مەهدیی مونتەزەرە[٥]. هەر لەم میانەیەشدا چڕبوونەوەی شیعەگەری زیاتر لە لوڕستانی رۆژهەڵاتی عێراقدا بووە و یەکێکیشە لەو دەڤەرانەی کوردنیشنە[٦].

بەشێکی تری کاریگەری شیعە لەسەر ناوچە کوردییەکان بۆ بوەیهییەکانی دراوسێی کورد دەگەڕێتەوە، ئەم بنەماڵە حوکمڕانە لە پرۆسەی پەلهاویشتنیاندا حوکمڕانی وڵاتی فارسیان گرتە دەست (٣٣٧ك_٤٤٧ك /٩٤٥ز_١٠٥٥ز)، پاشان شارەکانی هەمەدان و ناوچەکانی رۆژئاوای چیا کە

---

[١] ابن تيمية، الفتاوى، ج ٢٨، ص ٥٠٦.

[٢] _ حسين الزرباطي، **الكرد الشيعة في العراق** (بغداد: المطبعة العصرية، ط٢، ٢٠٠٧م)، ص ص ٥٤ _ ٦٦؛ تومابوا، مع الأكراد، ص ١٠٥؛ محمد فتحي الشاعر، **الأكراد في عهد عمادالدين زنكي ٥٢١_٥٤١هـ/١١٢٧_١١٤٦م** (مصر: دار المعارف، ١٩٩١م) ص ١٩؛ المقدم الشيخ عبدالوحيد، **الأكراد وبلادهم من أقدم العصور إلى العصر الحاضر**، ترجمه عبد السميع سراج الدين (أربيل: دار ئاراس، ٢٠١١م، ص ١٣).

[٣] محمد الطريحي، الشيعة الأكراد، ص ٥؛ زررا سديق، كاكەیی ئەهلی هەق و شەبەك، لا ٢٥.

[٤] محمد الطريحي، الشيعة الأكراد، ص ٦.

[٥] نبيلة عبد المنعم داوود، نشأة الشيعة، ص ص ٩_١٥؛ سميرة مختار الليثي، جهاد الشيعة، ص ١٥.

[٦] رمضان شريف الداودي، **لورستان الكبرى ٥٥٠ _٨٢٧هـ/١١٥٥ _١٤٢٤م** (أربيل: موكرياني،٢٠١٠م)، ص ١٤١.

ناوچەی ژیانی كوردەكان بوون [١]، زۆرێكیش لە بنەماكانی شیعەگەری هەر لەسەردەمی بوەیهییەكان ڕەنگرێژی كراوە، بەتایبەت كە ئەوكات مشتومڕی شیعە و سونە لە لایەك و سوونە و موعتەزیلە لە لاكەیتر زۆر گەرم بووە، لەناو ئەو هەرا و زەنایەشدا بوەیهییەكان پێویستیان بە گوتارێكی مەزهەبیی تایبەت بەخۆیان هەبووە بۆیە پەرەی زۆریان بە شیعەگەری داوە لە بەرامبەر سوننەگەرایی كە ئایینزای فەرمی خەلافەتی عەباسی بووە[٢].

لە هەندێك ناوچەی دیكەی كوردنشیندا مەقام و مەزاری ئال و بەیت هەبوون بەتایبەت لە "سنجار" و میافارقن و نسێبین[٣]، لە دەوروبەری جزیرەش شیعەگەری گەیشتوەتە ناو چینی میر و شاعیرەكان لە چەشنی "حسین البشنوي" (م.٣٨٠ك/٩٩٠ز)[٤]، هەندێك قەسیدە و شوێنەواری ئەم شاعیرە دەیسەلمێنن خاوەن بیروباوەڕی شیعەی ئیمامی بووە[٥]، ئەم كاریگەرییە شیعەگەرییەش درێژ بووەتەوە تا سەدەكانی دواتر (٦ك/١٠ز) لەم میانەیەشدا شەرعزانی ناسراوی كورد و موفتی میافارقین "یحیی الحصكفي" (م.٥٥٣ك/١١٥٨ز) [٦]، لە شیعرەكانیدا پێداگری لەسەر شیعەگەریی هەیە[٧]، هەروەها شیعەكانیش بە یەكێك لە ناودارانی خۆیانی دەزانن [٨].

لە هەرێمی چیا و لە سەردەمی عەباسییەكان ئەوە ساغ بووەتەوە كە لەناو كوردەكانی نەهاوەند، شیعەی دوازدە ئیمامی هەبوون[٩]، هەروەها هەر لەم هەرێمەدا لە سەدەكانی

---

[١] بڕوانە: أرشاك بولاديان، الأكراد في حقبة الخلافة العباسية، ص ١١٠؛ قادر محمد حسن، **الإمارات الكردية في العهد البويهي، دراسة في علاقاتها السياسية والاقتصادية** (أربيل: مطبعة رۆژهەڵات، ٢٠١٣)، ص ٩١.

[٢] هوتسما وآخرون، دائرة المعارف، ج٢٩ ص ٩٠٤٣.

[٣] حكيم أحمد خوشناو، الكرد وبلادهم عند البلدانيين، ص ٢٧٦؛ هاشم عثمان، **مشاهد ومزارات ومقامات آل البيت في سورية_ جولة تاريخية في رحابها العطرة**، (بيروت: مؤسسة الأعلمي، ١٩٩٤م)، ص ٩٩.

[٤] ابن الأثير، **اللباب في تهذيب الأنساب** (بيروت: دار صادر، د.ت)، ج١، ص ١٥٧؛ السيد محسن الأمين، أعيان الشيعة، ج٦، ص ١١؛ حسين الشاكري، **علي في الكتاب والسنة والأدب**، (قم: ستارة الكمية للنشر، ١٩٩٧م)، ج٤، ص ١٠٥.

[٥] ابن شهر آشوب، مناقب آل أبي طالب، ص ١٠١؛ السيد محسن الأمين، أعيان الشيعة، ج٦، ص ص ١١ _١٢؛ حسين الشاكري، علي في الكتاب والسنة والأدب، ج٤، ص ١٠٥.

[٦] ابن خلكان، وفيات الأعيان، ج٦، ص ٢٠٥ ؛ السبكي، **طبقات الشافعية الكبرى**، تحقيق محمود الطناحي و عبدالفتاح الحلو، (القاهرة: هجر للطباعة والنشر والتوزيع، ط٢، ١٤١٣هـ)، ج٧، ص ص ٣٣٠ _٣٣٣؛ ابن الجوزي، **المنتظم في تاريخ الأمم والملوك**، تحقيق، محمد و مصطفى عبد القادر عطا، (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٢)، مج ١٨، ص ١٢٨؛ محمد أمين زكي، **مشاهر الكرد وكردستان**، ترجمة السيدة كريمة (دمشق: دار الزمان للنشر والطباعة والتوزيع،٢٠١١م) ج٢، ص ٤٦٢؛ خير الدين الزركلي، الأعلام، ج٨، ص ص ١٤٨ _١٤٩.

[٧] ابن الجوزي، المنتظم، مج١٨، ص ١٢٨؛ ابن الأثير، الكامل، ج١، ص ٣٦٩؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ج١٢، ص ٢٧٨.

[٨] لە نمونەی شیعرەكانی لە وەسفی ئال وبەیت دەڵێت "هم حجج الله على عباده وهم إليه منهج ومقصد" لە بارەی ئایینزاكەشییەوە دەڵێت: "والشافعي مذهبي...أتبعه في الأصل والفرع معا. بڕوانە: ابن الجوزي، المنتظم، مج ١٨، ص ص ١٢٨ _ ١٣٠؛ ابن كثير، البداية والنهاية، ج١٢، ص ٢٧٩؛ ابن الدمشقي، **جواهر المطالب في مناقب الإمام علي بن أبي طالب**، تحقيق محمد باقر المحمودي (قم: مجمع إحياء الثقافة الاسلامية، ١٩٩٥م، ج٢، ص ٣٠٧ _٣٠٨، ابن خلكان، وفيات الأعيان، ج٦، ص ٢٠٥.

[٩] القزويني، نزهة القلوب، ص ٧٤.

(٤_٨ك/١٠_١٢ز) ئەوە زانراوە هۆزی گاوان[١] بەهەمان شێوە شیعە بوون [٢]، تا ئێستاش هەر لەسەر ئەو ڕێچکەیە ماون[٣]، ئەم حاڵەتە لەناو کوردەکانی کرمانیشدا هەر هەمان شت بووە و ئەوانیش لە سەدەی (٤ك/١٠ ز) بەشی زۆریان سەر بە ئایینزای شیعە بوون[٤].

لەناوچە کوردییەکانی دیکەدا گریمانە دەکرێت لە ناو هۆزی بەرزیکانی دامەزرێنەری ئیمارەتی حەسنەوەیهیدا (٣٥٠_٤٠٦ك/٩٥٩_١٠١٥) شیعەگەری بڵاو بووبێت[٥] هەروەها لە موسڵ، جەزیرە، هەرێمی چیا، لە هەورامان و شارەزووریش هەندێك شیعە لە سەردەمی عەباسییەکان هەبوون [٦] بەتایبەت شیعەی زەیدی [٧]، ئەوانەی شارەزوور لەسەر بیروباوەڕەکانیان دووچاری شەڕ و پەلاماری دراوسێ سوننەکانیان هاتوون (٣٤١ ك/ ٩٥٢ ز)[٨]، بەڵام بە شوێنکەوتنی سەرچاوەکان ئەوە دەردەکەوێت لەپاش ناوەڕاستی سەدەی ٤ك/١٠ز، هەواڵ و دەنگ و باسیان نامێنێت، ئەمەش یان ئاماژەیە بۆ ئایینزا گۆڕینیان یان کۆچ کردن و کۆتاییهاتنیان لە ناوچەکە کە بە چواردەورێکی سوننە تەنرابووە.

پێدراوە بەردەستەکانیش ئەوە دەردەخەن شیعەگەری لە هەرێمی جزیرە و سنووری دەوڵەتی دۆستەکیدا لە دەوروبەری سەدەی ٥ك/١١ز لە جموجووڵ و پەرەسەندندا بووە[٩]، هەندێکیش هۆکاری ئەمە دەگێڕنەوە بۆ کۆچکردنی هۆزەکانی دەورووبەری کوفە بۆ ئەو ناوچانە و دواتریش گیرسانەوەیان لە شاری موسڵ و دەوروبەری[١٠].

سەرباری ئەم ئاماژانە لەسەر نەخشەی بڵاوبوونەوەی شیعەرگی لەناوچە کوردنشینەکان،

---

[١] جاوان: یەکێکە لە بەناوبانگترین هۆزە کوردەکانن کە لە چیاکان نیشتەجێ بوون، و لە کۆتایی سەدەی ٥ی کۆچی / ١١ ز کۆچیان کرد بۆ سنوورەکانی پارێزگای بابلی ئێستا، و لە شاری حلە ژیاون کە ٤٩٤ك/ ١١٠١ ز دروست کراوە. بروانە، مستەفا جەواد، **هۆزی لەبیرکراوی گاوان وگاوانییە بەناوبانگەکان**، وەرگێڕانی هەژار (هەولێر: دەزگای ئاراس، ط٢، ٢٠٠٨م)، لا لا ٢٥ _٤٠.

[٢] المسعودي، مروج الذهب، ج٢، ص ٩٧؛ القزويني، نزهة القلوب، ص ٧٤.

[٣] حسين الزرباطي، الكرد الشيعة، ص ٦٤؛ Farida Jasim Darah, Faili Kurds,pp 113_115.

[٤] ابن حوقل، صورة الأرض، ق٢، ص ٣١٠.

[٥] محمد الطريحي، الأكراد الشيعة، ص ٥٠٩؛ حسام الدين النقشبندي، الكرد في لرستان وشهرزور، ص ١٨١؛ حسين الزرباطي، الكرد الشيعة، ص ٦١

[٦] القزويني، نزهة القلوب، ص ٨٣؛ ابن شهر آشوب، **مناقب آل أبي طالب** (النجف: المطبعة الحيدرية، ١٩٥٦م)، ص ١٠١؛ محسن الأمين، **أعيان الشيعة**، تحقيق حسن الأمين، مؤسسة الميلاني لإحياء الفكر الشيعي، إيران، ٢٠١٢م، ج٦، ص ص ١١ _١٢؛ حسين الشاكري، علي في الكتاب والسنة والأدب، ج٤، ص ١٠٥؛ حسين الزرباطي، الكرد الشيعة، ص ٦٤؛ عبدالرقيب يوسف، الدولة الدوستكية، ج٢، ص ص ١٦١ _١٦٣.

[٧] زەیدی دەدرێنە پاڵ زەیدە کوڕی عەلی کوڕی حسێن و تەنها منداڵەکانی عەلی و فاتمە بە ئیمام دەزانن و نزیکترینن لە سوننەکانەوە. النوبختي، فرق الشيعە، ص ١٣٨؛ عبدالقاهر البغدادي، الفرق بين الفرق، ص١٦؛ الشهرستاني، الملل والنحل، ج١، ص ١٢٧.

[٨] أبي دلف، الرسالة الثانية، ص ١٢٥؛ الحموي، معجم البلدان، ج٣، ص ٣٧٥.

[٩] عبدالرقيب يوسف، الدولة الدوستكية، ج٢، ص ١٦١.

[١٠] محمد سعيد الطريحي، **الشيعة الأكراد ماضيهم وحاضرهم** (دمشق: دار نينوى، ٢٠١٣) ص٥.

بۆچوونێك هەیە پێی وایە شیعەگەری لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامی زۆر لە ناو کورددا باو نەبووە[١]، بەڵام هەندێك خەملاندن و توێژینەوەی دیکە ڕێژەی شیعە کوردەکان لە سەردەمە مێژوییە ئیسلامییەکاندا بە دەوروبەری پێنج یەکی خەڵکی کورد (٢٠%) دیاریی دەکەن[٢]، ئەمەش ڕێژەیەکی کەم نییە ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە شیعەکان لە بنەڕەتدا بەراورد بە شوێنکەوتووانی ئایینزای سوننە کەمینە بوون و لە پاش کۆتاییهاتنی سەردەمی بوەیهیشەوە (٤٤٧ك/١٠٥٥ز) پاڵپشتیان لەناو دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا و ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا نەماوە و لە جێگەی ئەوان تورکە سەلجوقییە سوننەکان هاتوون کە بەدەماریگری مەزهەبی و زبری لە مامەڵەکردندا ناسراون.

## ئەنجام

**پاش خوێندنەوەی ئەم توێژینەوەیە دەکرێت ئەم چەند ئەنجامە ئاماژەی پێ بکرێت:**

- خەواریج دەرهاویشتەی تێزێکی سیاسی عەقیدەییە کە دروشمەکەی "لا حکم إلا لله" یە.
- یەکەم ئاشنابوونی خەواریج بە کورستان بەهۆکاری جوگرافی بووە، پاشان کاریگەریی لەسەر ناوچە کوردییەکان داناوە، لەم ژینگەیەشدا چالاکی و ژمارەی زیادی کردووە.
- خەواریج ناوێکە بۆ کۆمەڵێك بزووتنەوە کە لە میکانیزمدا هاوشێوەن بەبێ ئەوەی مەرج بێت سەرجەمیان باوەڕی خەواریجە یەکەمینەکانیان هەبێت، خاڵی کۆکەرەوەشیان هەڵوێستی توندیانە لە ستەمکاریی دەسەڵات.
- دروشمە سیاسییەکانی خەواریج لە بەرگری لە خەڵکانی بەشخوراو و دەرگا کردنەوە بۆ خیلافەتی نا قوڕیشی، دروشمی سەرنجڕاکێش بوون بۆ گەلانی نا عەرەب لەنێویشیاندا کورد.
- شیعە لەسەر تیۆریای حوکمڕانی پشتاوپشت دامەزراوە بەو مەرجەی لەناو نەوەکانی عەلی و فاتمە بێت، لەسەر بنەمای وەسێتکردن لە باوکەوە بۆ کوڕ، ڕێبازی ١٢ ئیمامی ـ ش زاڵترین گرووپەکانی شیعەیە.
- لە گێڕانەوە یەکەمەکانی شیعە بەدبینی هەیە دەربارەی کورد، بەڵام ئەمە تەنها تایبەت نییە بە شیعە و لە ناو سەرچاوە سوننەکانیش بۆچوونی هاوشێوە هەن.
- ڕێژەیەکی بەرچاو لە کوردی ناوچە جیاجیاکان لە سەردەمە ئیسلامییەکاندا چوونەتە ڕیزی بزووتنەوەکانی شیعە و لەمەشدا سۆز بۆ ئالوبەیت و کاریگەربوون بە دراوسێیەتی ڕۆڵیان هەیە.
- بەشێوەیەکی سەرەکی لە ناوچە کوردییەکان گرووپەکانی ئیمامی و زەیدی لەناوچە کوردییەکان بڵاوبوون.

[١] حەیدەر لەشکری: **لە شەریعەتەوە بۆ حەقیقەت، سەرهەڵدانی سۆفیگەری لە پانتایی کوردیدا** (هەولێر: دەزگای موکریانی، ٢٠١٠)، لا ٥٢.

[٢] أحمد الخليل، تاريخ الكرد، ص ٨٧.

## ليستى سەرچاوەكان:

### سەرچاوە بنەڕەتییەكان:


_ ابن الأثير، عزالدين أبي الحسن علي بن أبي الكرم الجزري (ت٦٣٠هـ/ ١٢٣٣م)، **الكامل في التاريخ**، عمر عبد السلام تدمري، (بيروت: دار الكتاب العربي، ١٩٩٧)؛ **اللباب في تهذيب الأنساب** (بيروت: دار صادر، د.ت).

_ ابن الدمشقي: محمد بن أحمد بن ناصر الدمشقي (ت ٨٧١هـ/١٤٦٧م)، **جواهر المطالب في مناقب الإمام علي بن أبي طالب**، تحقيق محمد باقر المحمودي (قم: مجمع إحياء الثقافة الاسلامية، ١٩٩٥م.

_ ابن السمناني، علي بن محمد بن أحمد، (ت٤٩٩ هـ/١١٠٥م)، **روضة القضاة وطريق النجاة**، تحقيق، صلاح الدين الناهي، (بيروت: مؤسسة الرسالة، ط٢، ١٩٨٤)،

_ ابن المستوفى (ت٦٣٧هـ/١٢٣٩م)، شرف الدين أبي البركات المبارك بن أحمد، **تاريخ أربل**، تحقيق سامي بن السيد بن خماس الصقار، (بغداد: دار الرشيد، ١٩٨٠م).

_ ابن النديم، أبو الفرج محمد بن اسحاق بن محمد (ت٣٨٥هـ/٩٩٥م)، الفهرست، تحقيق محمد احمد احمد، (القاهره: المكتبة التوفيقية، د.ت).

_ ابن بابويه، أبو الحسن، علي بن الحسين بن موسى (ت ٣٢٩هـ/٩٣٩م)، الإمامة **والتبصرة**، (قم: مدرسة الإمام المهدي، د.ت).

_ ابن تيمية: أحمد بن عبدالحليم بن عبدالسلام (ت٧٢٦هـ/١٣٢٦م)، **مجموع الفتاوى**، تحقيق، عبدالرحمن بن محمد بن قاسم (المدينة: مجمع الملك فهد، ١٩٩٥).

_ **ابن حزم الأندلسي: علي بن أحمد بن سعيد: (٤٥٧هـ/١٠٦٤م)، الفصل في الملل والأهواء والنحل**، تحقيق، محمد ابراهيم نصر وعبد الرحمن عميرة (بيروت: دار الجيل، د.ت).

_ ابن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد (ت ٢٤١هـ/٨٨٥م)، **مسند الإمام أحمد**، تحقيق، شعيب الأرنؤوط، (بيروت: مؤسسة الرسالة، ٢٠٠١).

_ ابن حوقل: محمد بن حوقل (ت٣٦٧هـ/٩٧٧م)، **صورة الأرض** (بيروت: دار صادر، ط٢، د.ت).

_ ابن خلدون: عبد الرحمن بن محمد، (ت٨٠٨هـ/١٤٠٦م)، ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر، تحقيق، خليل شحادة (بيروت: دار الفكر، ١٩٨٨).

_ ابن خلكان، أبو العباس شمس الدين احمد بن محمد **(ت٦٨١هـ/١٢٨٢م)، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان**، تحقيق إحسان عباس، (بيروت: دار صادر، ١٩٦٨م).

_ ابن شهر آشوب، شير الدين أبي عبدالله محمد (ت٥٨٨هـ/١١٩٢م)، **مناقب آل أبي طالب** (النجف: المطبعة الحيدرية، ١٩٥٦م).

_ ابن كثير: عمادالدين إسماعيل بن عمر (ت ٧٧٦هـ/١٣٧٤م)، البداية والنهاية (القاهرة: دار ابن الجوزي، ٢٠٠٩).

_ أبو الحسن الأشعري: علي بن إسماعيل بن أبي بشر(ت٣٢٤هـ/٩٣٦م)، **مقالات الإسلاميين**، تحقيق، نعيم زرزور (بيروت: المكتبة العصرية، ٢٠٠٥م).

_ أبي دلف مسعر مهلهل الخزرجي (ت٣٨٣هـ/٩٩٣م)، **الرسالة الثانية**، تحقيق بطرس بولغاكوف أنس

خالدوف (السليمانية: مؤسسة ژين، ٢٠١٢م).
_ أبي يوسف: يعقوب بن إبراهيم (ت١٨٣هـ/٧٩٩م)، **الخراج**، تحقيق، طه عبالرؤف وسعد حسن (القاهرة: المكتبة الأزهرية للتراث، د.ت).
_ الإحسائي، ابن أبي جمهور (٩١٠هـ/١٥٠٥م) **عوالي اللئالي العزيزية في الأحاديث الدينية** (طهران: سيد الشهداء، ١٩٨٤).
_ الأردبيلي، الشيخ أحمد المعروف بالمقدس (ت٩٩٣هـ/١٥٨٥م)، **مجمع الفائدة والبرهان**، تحقيق، الحاج آقا مجتبى العراقي وآخرون (ايران: مؤسسة النشر الإسلامي٤١١ هـ).
_ الأزدي: أبي زكريا يزيد بن محمد بن إياس الأزدي (ت٣٣٤هـ/٩٤٦م)، **تاريخ الموصل**، تحقيق، أحمد عبدالله محمود (بيروت: دار الكتب العلمية، ٢٠٠٦م).
_ الأصطخري، أبو أسحق إبراهيم بن محمد الفارسي (ت٣٤٠هـ/٩٥١م)، المسالك **والممالك** (القاهرة: الهيئة العامة لقصور الثقافة، ٢٠١٠م).
_ البغدادي، عبدالقاهر بن طاهر بن محمد (ت٤٢٩هـ/١٠٣٧م)، **الفرق بين الفرق** (بيروت: دار الآفاق الجديدة، ١٩٧٧).
_ البلاذري: أبو العباس احمد بن يحيى بن جابر (ت٢٧٩هـ/٨٩٢م)، **فتوح البلدان**، تحقيق عبد الله أنيس وعمر أنيس الطباع (بيروت: مؤسسة المعارف، ١٩٨٧م).
_ الحر العاملي، أبو جعفر محمد بن الحسن بن علي، (ت ١١٠٤هـ/١٦٩٣م)، تفصيل **وسائل الشيعة إلى تحصيل مسائل الشريعة** (قم: مؤسسة آل البيت، ١٤١٤هـ).
_ الحلي، الحسن بن يوسف(ت٧٢٦هـ/١٣٢٥م)، **تذكرة الفقهاء**، (قم: مؤسسة آل البيت ١٤٢٢ هـ).
_ الحموي، الحموي: ياقوت بن عبدالله (ت ٦٢٦هـ/ ١٢٢٨م)، **معجم البلدان** (بيروت: دار صادر، ١٩٩٧م).
_ الدينوري: ابو حنيفة أحمد بن داود (ت٢٨٢هـ/٨٩٥م)، **الأخبار الطوال**، تحقيق عبد المنعم عامر (مصر: وزارة الثقافة، د.ت).
_ السبكي: تاج الدين ابي نصر عبدالوهاب بن علي بن عبدالكافي (ت٧٧١هـ/١٣٧٠م)، **طبقات الشافعية الكبرى**، تحقيق محمود الطناحي وعبدالفتاح الحلو، (القاهرة: هجر للطباعة والنشر والتوزيع، ط٢، ١٤١٣هـ).
_ الشاطبي، أبو اسحاق إبراهيم بن موسى، (ت٧٩٠هـ/١٣٨٨م)، **الاعتصام**، تحقيق، هشام الصيني، (السعودية: دار ابن الجوزي، ٢٠٠٨)، ج٣، ص١٤٧.
_ الشهرستاني، عبد الكريم بن أبي بكر أحمد، الملل **والنحل** (تمارة: مؤسسة الحلبي، د، ت).
_ الشيخ الصدوق، أبو جعفر محمد بن علي بن بابويه، (ت ٣٨١هـ/ ٩٩١م)، **علل الشرائع** (النجف: المكتبة الحيدرية، 1386).
_ الصنعاني، محمد بن إسماعيل، (ت ١١٨٢ هـ/ ١٧٦٨م)، المصنف، (القاهرة: دار التأصيل، ط٢، ٢٠١٣).
_ الطبري، محمد ابن جرير، (ت٣١٠هـ/٩٢٣م)، تاريخ **الرسل والملوك** (بيروت: دار التراث، ١٣٨٧هـ).
_ الطوسي، أبو جعفر محمد، (ت٤٦٠هـ/١٠٥٠م)، تهذيب **الأحكام**، تحقيق، حسن الموسوي (إيران: دار

الكتب الاسلامية ط٤، ١٣٦٥ ق).
_ الغزالي، أبو حامد محمد، (ت٥٠٥هـ/١١١١م)، **إلجام العوام عن علم الكلام** (بيروت: دار المنهاج، ٢٠١٧).
_ الفيروز آبادي: مجد الدين يعقوب (ت٨١٧هـ/١٤١٤م)، **القاموس المحيط** (بيروت: دار الفكـــر، ١٩٧٨ م).
_ القزويني، حمدالله ابن ابي بكر أحمد، نزهة القلوب، دنياى كتاب، تهران، ١٩٦٣م. (باللغة الفارسية).
_ الكليني، محمد بن يعقوب بن إسحاق (ت٣٢٩هـ/٩٤١م)، **الأصول من الكافي**، تحقيق، علي أكبر الغفاري، (طهران: دار الكتب الإسلامية، ط٣، ١٣٨٨ هـ)، ص ص ٧٠_٨١.
_ الماوردي: علي بن محمد بن حبيب (٤٥٠هـ/ ١٠٥٨م)، **الأحكام السلطانية** (القاهرة، دار الحديث، د.ت) .
_ المجلسي، محمد تقي، (ت١١١١هـ/١٠١٩٩م)، **مرآة العقول في شرح أخبار آل الرسول**، (د.م، دار الكتب الإسلامية، ١٤٠٤ هـ).
_ المسعودي، علي بن الحسين بن علي (٣٤٦هـ/٩٥٧م)، **مروج الذهب ومعادن الجوهر**، تحقيق كمال حسن مرعي (بيروت: المكتبة العصرية، ٢٠٠٥م).
_ المقدسي، أبو عبد الله شمس الدين محمد بن أبي بكر (ت ٣٨٠هـ/٩٩٠م)، **أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم** (بيروت، دار صادر، د.ت).
_ النعماني، ابن أبي زينب (ت٣٦٠ هـ/ ٩٧١ م)، **الغيبة**، تحقيق فارس حسون كريم (قم: أنوار الهدى، د.ت).
_ النوبختي، أبو محمد الحسن بن موسى، (ت القرن٤هـ/١٠م)، **فرق الشيعة** (بيروت: منشورات الرضا، د.ت).
_ النووي: محي الدين ابي زكريا يحيى بن شرف النووي (٦٧٦هـ/١٢٧٧م)، **المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج**، (بيروت: دار إحياء التراث العربي، ١٣٩٢)؛ **منهاج الطالبين وعمدة المفتين في الفقه**، تحقيق، عوض قاسم أحمد عوض (بيروت: دار الفكر، ١٩٩٥).
_ مسكويه: أحمد بن محمد بن يعقوب (ت٤٢١هـ/١٠٣٠م)، **تجارب الأمم وتعاقب الهمم**، تحقيق سيد كسروي حسن (بيروت: دار الكتب العلمية، ٢٠٠٣م).
__ الزبيدي، محمد بن محمد بن عبد الرزاق الحسيني، (١٢٠٥هـ/١٧٩٠م)، **تاج العروس من جواهر القاموس**، تحقيق، جماعة من المختصين (الكويت: وزارة الإرشاد، ٢٠٠١).
_ابن الجوزي، جمال الدين أبو الفرج عبد الرحمن، **المنتظم في تاريخ الأمم والملوك**، تحقيق، محمد و مصطفى عبد القادر عطا، (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٢).

**سەرچاوە ناوەندییەکان (المراجع):**

_ أبو زهرة، محمد، **تاريخ المذاهب الإسلامية في السياسة والعقائد وتاريخ المذاهب الفقهية**، (القاهرة: دار الفكر العربي، د.ت).

_ آل كاشف الغطاء، محمد الحسين، **أصل الشيعة وأصولها مقارنة مع المذاهب الأربعة** (بيروت: دار الأضواء، ١٩٩٠م).
_ الأمين، السيد محسن، **أعيان الشيعة**، تحقيق حسن الأمين (ايران: مؤسسة الميلاني لإحياء الفكر الشيعي، إيران، ٢٠١٢م).
_ الأنصاري، محمد علي، **الموسوعة الفقهية الميسرة** (قم: مجمع الفكر الإسلامي، ١٤٢٢ ه).
_ البحراني، السيد هاشم، **كشف المهم في طريق خبر غدير خم** (البحرين: مؤسسة احياء تراث السيد هاشم البحراني، د.ت).
_ الحويزي، عبد علي بن جمعة، **تفسير نور الثقلين** (قم: مؤسسة اسماعيليان، د.ت).
_ الخرسان، طالب، **نشأة التشيع**، (قم: انتشارات الشريف الرضى، ١٩٩١).
_ الخليل، أحمد، **تاريخ الكرد في العهود الإسلامية** (أربيل: دار ئاراس للطباعة والنشر، ٢٠١٣).
_ الخوانساري، السيد أحمد، **جامع المدارك في شرح المختصر النافع** (طهران: مكتبة الصدوق، ط٢، ١٤٠٥هـ).
_ الداودي، رمضان شريف، **لورستان الكبرى ٥٥٠ _٨٢٧ه/١١٥٥ _١٤٢٤م** (أربيل: مؤسسة موكرياني، ٢٠١٠م).
_ الزرباطي، حسين، **الكرد الشيعة في العراق** (بغداد: المطبعة العصرية، ط٢، ٢٠٠٧م).
_ الزركلي، خير الدين، **الاعلام قاموس تراجم لأشهر الرجال والنساء من العرب والمستعربين** (بيروت: دار العلم للملايين، ط٥، ١٩٨٠م).
_ السابعي، ناصر سليمان سعيد، **الخوارج، الحقيقة الغائبة**، (عمان: جامعة آل البيت، ١٩٩٩).
_ السبحاني، جعفر، **أضواء على عقائد الشيعة الإمامية وتاريخهم** (تهران: نشر مشعر، د.ت) ص ص ٣٧٧_٣٨١.
_ الشاعر، محمد فتحي، **الأكراد في عهد عمادالدين زنكي ٥٢١_٥٤١هـ/١١٢٧_١١٤٦م** (مصر: دار المعارف، ٩٩١م).
_ الشاكري، حسين، **علي في الكتاب والسنة والأدب**، (قم: ستارة الكمية للنشر، ١٩٩٧م).
_ الشيخ عبدالوحيد، **الأكراد وبلادهم من أقدم العصور إلى العصر الحاضر**، ترجمه عبد السميع سراج الدين (أربيل: دار ئاراس، ٢٠١١م).
_ الشيرازي، محمد الحسيني، **الفقه، موسوعة استدلالية في الفقه الإسلامي** (بيروت: دارالعلوم، ١٩٨٨).
_ الصدر، محمد باقر، **نشأة التشيع والشيعة**، تحقيق، عبد الجبار شراره، (مركز الغدير، د. ت).
_ الصدر، محمد محمد صادق، **الشيعة** (بغداد: مطبعة الكرخ، ١٣٥٢ هـ).
_ الطريحي، محمد سعيد، **الشيعة الأكراد ماضيهم وحاضرهم** (دمشق: دار نينوى، ٢٠١٣).
_ العشري، نجاح، **الخروج على الإمام والخلافة الإسلامية** (القاهرة: مكتبة جزيرة الورد، ٢٠١٢م).
_ الليثي، سميرة مختار، **جهاد الشيعة في العصر العباسي الأول** (بيروت: دار الجيل، د.ت).
_ المايي، أنور، **الأكراد في بهدينان** (دهوك: مطبعة خبات، ط٢، ١٩٩٩م).
_ المظفر، محمد رضا، **عقائد الإمامية** (قم: انتشارات أنصاريان، د.ت).

_ الملايري، إسماعيل المعزى، **جامع أحاديث الشيعة في احكام الشريعة** (قم: المهر، ١٤١١ هـ).
_ النجفي، محمد حسن، **جواهر الكلام**، تحقيق، علي الآخوندي، (طهران: دار الكتب الإسلامية، ١٣٦٨).
_ النقشبندي، حسام الدين علي غالب، **أذربيجان في العصر السلجوقي، دراسة في أحوالها السياسية والإدارية والعسكرية** (بيروت: المركز الأكاديمي للأبحاث، ٢٠١٣م)؛ **الكرد في لرستان الصغرى (الشمالية) و شهرزور خلال العصر الوسيط**، دراسة سياسية وحضارية (السليمانية: مؤسسة ذين، السليمانية، ٢٠١١م).
_ إلهي ظهير، إحسان، الشيعة والتشيع، فرق وتاريخ، (باكستان: إدارة ترجمان السنة، ط١٠، ١٩٩٥م).
_ أمين، أحمد، **ضحى الإسلام** (القاهرة: مكتبة الأسرة، ١٩٩٧).
_ بدوي، عبد المجيد أبو الفتوح، **التاريخ السياسي والفكري للمذهب السني في المشرق الإسلامي من القرن الخامس الهجري حتى سقوط بغداد**، (المنصورة: دار الوفاء للطباعة والنشر والتوزيع، ط٣، ١٩٨٨).
_ حسن، قادر محمد، **الإمارات الكردية في العهد البويهي، دراسة في علاقاتها السياسية والاقتصادية** (أربيل: مطبعة رۆژهەڵات، ٢٠١٣).
_ خوشناو، حكيم أحمد، **الكرد وبلادهم عند البلدانيين والرحالة المسلمين (٢٣٢ _ ٦٢٦/٨٤٦ _ ١٢٢٩م)**، (دمشق: دار الزمان، ٢٠٠٩).
_ داود، نبيلة عبد المنعم، **نشأة الشيعة الإمامية** (بيروت: دار المؤرخ العربي، ١٩٩٤).
_ زكي بك، محمد أمين، **مشاهر الكرد وكردستان**، ترجمة السيدة كريمة (دمشق: دار الزمان للنشر والطباعة والتوزيع، ٢٠١١م).
_ صائغ، سليمان، **تاريخ الموصل** (مصر: المطبعة السلفية، ١٩٢٣م).
_ عباس، احسان، **شعر الخوارج** (بيروت: دار الثقافة، ط٤، ١٩٧٣).
_ عبد الحميد، عرفان **دراسات في الفرق والعقائد الإسلامية** (بغداد: دار التربية، ١٩٧٧م).
_ عبدالعزيز، أحمد، **علاقة الكرد بالخوارج والزنج فى العصرين الأموي والعباسي** (أربيل: موكريانى، ٢٠١٠).
_ عثمان، هاشم، **مشاهد ومزارات ومقامات آل البيت في سورية_ جولة تاريخية في رحابها العطرة**، (بيروت: مؤسسة الأعلمي، ١٩٩٤م).
_ محيي الدين، عطا عبدالرحمن، **حركات الخوارج في بلاد الكرد وما جاورها**، (السليمانية، مركز كوردولوجي، د.ت).
_ يوسف، عبدالرقيب، **الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى** (أربيل: دار ئاراس٢٠٠٢م).

**سەرچاوە بيانييەكان و وەرگێردراوەكان:**

_ بولاديان، أرشاك، **الأكراد في حقبة الخلافة العباسية في القرنين ١٠ و ١١ م**، ترجمة ألكسندر كشيشان (بيروت: دار الفارابي، ٢٠١٣م).
_ تومابوا، **مع الأكراد**، ترجمة آواز زنكنة (بغداد: دار الجاحظ، ١٩٧٥م).

_ زينفون، **الأناباسيس**، ترجمة يعقوب أفرام منصور، ( الموصل: د، ن، ١٩٨٥).
_ فلهاوزن، يوليوس، **أحزاب المعارضة السياسية في صدر الإسلام _ الخوارج والشيعة**، ترجمة عبد الرحمن بدوي، (القاهرة: مكتبة النهضة، ١٩٥٨م)؛ **تاريخ الدولة العربية من ظهور الإسلام إلى نهاية الدولة الأموية**، ترجمة، محمد عبد الهادي (القاهرة: لجنة التأليف، ١٩٥٨).
_ متز، آدم، **الحضارة الإسلامية في القرن الرابع الهجري**، ترجمة محمد عبد الهادي أبو ريده (بيروت، د.ن، ط٥، د.ت).
_ هوتسما وآخرون، **موجز دائرة المعارف الإسلامية**، محرر (الإمارات: مركز الشارقة للإبداع الفكري، ١٩٩٨).
H.A.R. Gibb & J.H. Kramers, Shorter Encyclopaedia of Islam (leden:1953).

**نامە زانكۆييەكان:**

_ السفياني، هدى بنت جبير، الحياة العلمية في الري وأقليم الجبال في العصر البويهي (٣٣٠ _ ٤٢٠ هـ/ ٩٤١ _ ١٠٢٩ م)، رسالة ماجستير، كلية الشريعة والدراسات الأسلامية، جامعة أم القرى، ٢٠٠٦م.
_ توفيق، زرار صديق، **الكرد في العصر العباسي حتى مجيء البويهيين (١٣٢ _ ٣٣٤ هـ) دراسة في تاريخهم السياسي**، رسالة ماجستير، قسم التاريخ، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين١٩٩٤م.
_ جەواد، مستەفا، **هۆزی لەبیرکراوی گاوان وگاوانییە بەناوبانگەکان**، وەرگێڕانی هەژار (هەولێر: دەزگای ئاراس، ط٢، ٢٠٠٨م)، لا لا ٢٥_ ٤٠.
_ عزت، فائزة محمد، **الكرد في أقليم الجزيرة وشهرزور في صدر الإسلام**، جامعة صلاح الدين، أربيل، ١٩٩١م.

**سەرچاوە کوردییەکان:**

_ لەشکری، حەیدەر: **لە شەریعەتەوە بۆ حەقیقەت، سەرهەڵدانی سۆفیگەری لە پانتایی کوردیدا** (هەولێر: دەزگای موکریانی، ٢٠١٠).

**توێژینەوە بڵاوکراوەکان:**

_ خوجة، لطف الله ملا عبد العظيم، **"صلة الاشعرية بالمعتزلة"**، بحث في مجلة المعيار، مجلد ٢٦، عدد٤، ٢٠٢٢.

**ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان:**

_ الحيدري، كمال، **روايات النهي عن التعامل مع الكرد مخالفة للقرآن**، متاح على: https://bit.ly/3yibcOM النشر (٢/ ٨/ ٢٠٢٢)، زيارة في: (١٩/ ٥/ ٢٠٢٢).
_ الصويلح، جعفر، **روايات كراهة تزويج الأكراد**، مركز الأبحاث العقائدية (ايران: قم)، متاح على: https://bit.ly/3yQmV8G النشر: (٢٤/ ٩/ ٢٠١٥)، زيارة في (١٠/ ٧/ ٢٠٢٢).
_ مركز الأبحاث العقائدية، **روايات ذم الأكراد**، (إيران: قم)، متاح على: https://bit.ly/3ApXBra زيارة في (١٠/٧/ ٢٠٢٢).